# چاپکراوی نوێ

لەم ماوەیەدا هونەرمەند و نووسەر (حەمە هاشم) کتێبێکی ناوازەی بە ناونیشانی (هونەری پیرۆز) بەچاپ گەیاند، ئەم کتێبە هەوڵێکی ئەنتۆگرافیانەیە لە بواری کولتوورناسیدا، تێیدا نووسەر تیشکی خستۆتە سەر لایەنێکی زۆر زیندووی کولتوور و هونەری کوردی، هەروەها سەر هەندێ دیمەنی زۆر دانسقە، کە تا ئێستاش زۆرێك لە ئێمە نەمانزانیوە خاوەنی ئەدگاری هێندە پیرۆزو جوانین کە لێوانلێون لە هونەرو کەشی مرۆڤدۆستیی گەورە، کە ئەویش هونەری زیندووی ئێزیدییەکانە.

حەمە هاشم بۆ نووسینی کتێبی (هونەری پیرۆز) سوودی لە چەندین سەرچاوە بینیوە، کتێبەکەش لە لایەن لوقمان رەشیدییەوە لە بەرگێکی قەشەنگدا دیزاین کراوەو (٩٦)لاپەڕەیە..

پیرۆزبایی لە حەمەهاشم دەکەین و هیواداریین ئەم کتێبەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کلتووری رەسەنی کوردەواری.




# چاپكراوی نوێ

(پاسكیلی كورد) ناونیشانی ڕۆمانێكە لە نووسینی ئەلیسا لایتبوون و وەرگێڕانی خانمە نووسەر چیمەن ساڵح كە لە دووتوێی (٤٠٨)لاپەڕەدا بە بەرگێكی قەشەنگ و ناوازە كەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، هۆكاری هاتنی وشەی (پاسكیل) لە ناونیشانی ڕۆمانەكە وەك نووسەر ئاماژەی پێ كردووە، كە دیارە پاسكیل وشەی بایسكڵی ئینگلیزییە، كورد پێی دەڵێن پاسكیل، لەبەر ئەوەی نووسەر لە جێیەك دەڵێت چەند وشەیەكی كوردی فێربووم یەكێك لەوانە پاسكیلە، بۆیە پێمان باش بووهەر بە پاسكیل لەم وەرگێڕانەدا بیهێڵینەوە.

وەرگێڕ دەڵێت: پاسكیلی كورد بەشی زۆری لەسەر ئەزموونی وانە وتنەوە لە هەرێمی كوردستانی عێراق نووسراوە، لە سەرەتادا بە نووسینەوەی بیرەوەری دەستی پێ كردوە، باس لە ڕووداوی ڕاستەقینە دەكات، بەڵام لە قوتابخانەیەكی ئەندێشەییدا، كەسایەتییەكان بە نزیكی لە ژیانی تایبەتیی خۆیان وەرگیراون، هەر چەندە گۆڕانكاری و دەستكاریی پێویست لە گێڕانەوەی چیرۆكەكان، وردەكاریی ڕووداو و بارودۆخ كراوە، بە شێوەیەك كتێبەكە لە ئەنجامدا دەبێ بە ڕۆمان دابنرێت.

دەستخۆشی لە خانمە نووسەر چیمەن ساڵح دەكەین بە هیوای بەرهەمی زیاتر..



# چاپكراوی نوێ

(كەوتن لە بەهەشتی ئەوروپا) بەشی یەكەمی كتێبێكی تازەی نووسەر (فریاد محەمەد)ە كە بە (١٢٨) لاپەڕە كەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، ئەم كتێبە باس لە دەیان رووداوی تراژیدی و كارەساتبار دەكات، كە مرۆڤی كورد لە رێی كۆچی نایاسایی بەرەو وڵاتانی كیشوەری ئەوروپا رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەم رێگایەش پڕیەتی لە ترس و نەهامەتی و دەردەسەری.

نووسەری كتێبەكە باس لەوە دەكات كە ئەو رووداوانە هەمەجۆرن، لەوانە هەیە هاوژین و جگەرگۆشەكانی لە دەست داوە، هەن ئالوودەی ماددەكانی هۆشبەر بوون، بە تایبەتیش گەنجان، لە یەك دابڕان و جیابوونەوەی هاوژینان. هتد.(فریاد محەمەد) وەك رۆژنامەنووسێك هاتووە ئەو هەموو رووداوانەی تۆماركردووە كە خۆی لە میانی دیدارو دیمانەكاندا پێیان ئاشنابووەو خستوونیەتە توێی ئەم كتێبەوە.

دەستخۆشی لە نووسەر(فریاد محەمەد) دەكەین و هیوادارین خوێنەری كورد بە ناوەرۆكی رووداوو بەسەرهاتەكانی ئەم كتێبە ئاشنا بێت. پیرۆزە.



# که شوێنی مێروو ناوی مێرووستان بێت، ئەی بۆچی شوێنی کورد ناوی کوردستان نەبێت؟

ئەو ناونیشانەی سەرەوە پرسیارێکی رەوایە و پێویستە ئاراستە بکرێت بۆ وڵاتانی زلهێز بەگشتی و وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتی و بەتایبەتتریش ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، چونکە خودای گەورە لە قورئاندا و لە باسی سوپاکەی سولەیمانی پێغەمبەردا (سەلامی خودای لەسەر) لەئایەتی (١٨)ی سوورەتی (النمل)دا دەفەرموێت: (حتی إذا أتوا علی واد النمل)، واتە: کاتێك گەیشتنە دۆڵی مێروو..

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە خودا شوێنی گردبوونەوەی مێرووەکانی ناو نا: «وادی النمل»، واتە لەبەر بوونی مێرووەکان لەوێدا، خودا ئەو دۆڵەی بە ناوی مێرووەکانەوە ناونا، بۆیە بوو بە مێرووستان.

سەیر لەوەدایە ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، کە ملیۆنەها کوردیان تێدان، کەچی پێیان ناخۆشە و لایان قبووڵکراو نییە بە شوێنی کوردان بڵێن کوردستان، لە کاتێکدا:

یەکەم: کوردبوون ناسنامەی نەتەوەیی گەلێکە کە خودا رێگەی بە بوون و بەردەوامبوونی داوە، وەك هەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی دیکەی گەلانی جیهان. کوردبوونمان بژاردەیەکی خوداییەو مافی ئەوەی نەداوینەتێ تا بیگۆڕین، بەڵام باوەڕداربوونمان بە هەر ئایینێك بژاردەی ئازادانەی خۆمانە.

دووەم: هەڵبژاردنی (دەنگ) و (رەنگ)ی هەر نەتەوەیەکیش لە قورئاندا خراوەتە پاڵ نیشانەیەکی دیکەی باڵادەستیی خوای گەورە، کە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوییە، وەك بڵێی سڕینەوەی (دەنگ) و (رەنگ)ی هەر نەتەوەیەك وەك هەوڵدان بێت، بۆ سڕینەوەی ئاسمانەکان و زەوی، کە ئەمەش ئەوپەڕی وەستانەوەیە لە دژی ئیرادەی خودای گەورە.

سێیەم: نیشتمان و زێدی باب و باپیران لەلای



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

هاووڵاتیان هەمیشە خۆشەویستەو مرۆڤ هیوای هەموو خێر و خۆشییەك بۆ نیشتمانی خۆی دەخوازێت، ناچاریش نەبێت، یان ناچار نەکرێت، زەحمەتە نیشتمانی خۆی بەجێ بهێڵێت، هەر کاتێکیش مرۆڤ لە نیشتمانی خۆی دەربکرێت، ئەوا هەموو ساتێك گەڕانەوە بۆ وڵات بە ئاوات دەخوازێت.

هەر لێرەوە موژدەیەکی گەورە هەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەسەر خاکی خۆیان دەردەکرێن، کە ڕۆژێك دادێت بە ژوانگە و نیشتمانی خۆیان شاد ببنەوە، چونکە خودای گەورە ناوی ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایدا لە دایك دەبێت بە (معاد) ناو دەبات، واتە ئەو شوێنەی کە دەرکراوانی بۆ دەگێڕێتەوە.

چوارەم: ئەوە ویستی خودایە و ئیرادەی خودایە کە هەر مرۆڤێك لە شار و شارۆچکە و گوندێکی دیاریکراودا لە دایك دەبێت، بۆیە خۆشویستنی نیشتمان خواکردە، ئەوانەش کە خەڵکی لەسەر خاك و ماڵی خۆیان دەردەکەن، تاوانێکی گەورە بەم کاریان ئەنجام دەدەن و، خۆیان لە قەرەی کارێك دەدەن، کە خودای گەورە حەرامی کردووە.

پێنجەم: چونکە گەلی بێ خاك و نیشتمان، گەلێکی ڕوو لە مردنە، بۆیە دەرچوونی خەڵك لە خاکی خۆی یانی هەڵبژاردنی مردن، بۆیە بێنیشتمانکردن و دەرکردنی خەڵکی لە خاکی خۆی، بەرامبەرە لەگەڵ کوشتنی ئەو کەسەدا، وەك بڵێی چ کوشتنی هاووڵاتی، یان دەرکردن لە خاکی خۆی.

شەشەم: خودای گەورە داوامان لێ دەکات هەمیشە دۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکەین، بەڵام لەیەك حاڵەتدا پێی گوتووین، لەگەڵ هەندێك کەسدا دۆستایەتی نەکەین، ئەوانیش ئەوانەن کە دەیانەوێت شەڕی دینمان لەگەڵدا بکەن، یان دەیانەوێت لە خاکی خۆمان وەدەرمان بنێن.



مەتران مار نیقودیموس داود
سەرۆکی مەسیحیەکانی سریان ئارتۆدکس لە مووسڵ و کەرکووک و هەرێمی کوردستان بۆ گولان:

# بۆیە دەتوانین لە هەرێمی کوردستان بژین لەبەر ئەوەی کەرامەتی مرۆڤ بە یاسا پارێزراوە

## ئێستا عەنکاوە پایتەختی هەموو کریستیانەکانە لە جیهاندا


لقاء أبناء السلام

**پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان خاڵی جیاکەرەوەی کوردستانە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆتە ئەو ناسنامەیەی کە هەرێمی کوردستانی پێ دەناسرێتەوە، یەکێك لەو پێکهاتە گرنگانەی کوردستان و عێراق کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە شارەکانی دیکەی عێراق رووبەڕووی چەوسانەوە و کۆچی زۆرەملێ بوونەوە، کریستیانەکانن کە بەشیکی زۆریان هاتنە کوردستان و ئێستا بە ئاشتی و ئارامی لە کوردستان دەژین و بەشێکیشیان روویان لە هەندەران کردووە، بەڵام وەك خۆیان ئاماژەی پێ دەکەن، لە ئێستا زیاتر لە ٩٠٪ی ئەو کریستیانانەی لە عێراقدا ماونەتەوە، لە هەرێمی کوردستان دەژین. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ئاشتی و پێکەوە ژیانەی لە کوردستاندا بوونی هەیە، ئەم دیدارە تایبەتەمان لەگەڵ نیافەتی مەتران مار نیقودیموس داود سەرۆکی مەسیحییەکانی سریان ئارزۆدۆکس لە مووسڵ و کەرکووك و هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە باسی ئاشتی و پێکەوە ژیانی لە هەرێمی کوردستان کرد.**

**ئێمە بەردەوام ئەو هەڵوێستەی سەرۆک مسعود بارزانی بەرامبەر بە خۆمان هەستی پێ دەکەین و بە تەقدیرەوە سەیری دەکەین**

**بوونی ئێمە لەسەر ئەم خاکە بوونێکی فریاگوزاری نییە کە پەنامان بۆ هێنابێت، بەڵکو ئێمە ماوەی حەوت هەزار ساڵە لە پێش برا مووسڵمانەکان لەسەر ئەم خاکە بووین**

*** لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ەوە و بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبگەرایی عەرەبی شیعە و سوننە و دواتریش سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش، کریستیانەکانی عێراق رووبەڕووی کارەساتێکی گەورە بوونەوە و ناچاربوون بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق چۆڵ بکەن و رووبکەنە هەرێمی کوردستان، بەشێکی زۆریشیان چوون بۆ هەندەران و کۆچیان کرد، ئایا تاچەند بارودۆخی ناسەقامگیری عێراق کارەساتی بەسەر کریستیانەکان هێناوە؟**

- پرسی چەوسانەوە و کۆچکردنی زۆرەملێی کریستیانەکان لە سەردەمی نوێدا لە ٢٠٠٧ ەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو هەر لەدوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێنەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام بوونی ئێمە لەسەر ئەم خاکە بوونێکی فریاگوزاری نییە کە پەنامان بۆ هێنابێت، بەڵکو ئێمە ماوەی حەوت هەزار ساڵە لە پێش برا مووسڵمانەکان لەسەر ئەم خاکە بووین، بەڵام قەدەری ئێمەی کریستیان بە درێژایی مێژوو بەو جۆرە بووە کە ناوبەناو دوچاری چەوسانەوە و کۆمەڵکوژیی گەورە بووینەوە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩١٥ لە ژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کریستیانەکان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە دوچاری جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکی گەورە بوونەوە کە لەو کارەساتەدا ئەرمەنەکان یەك ملیۆن و نیو کەسیان لێ جینوساید کرا و سریانەکانیش زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کەسیان بوونە قوربانی، کە ئەمە مێژووەکەیان زیاتر لە سەد ساڵە، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخیشدا، ئێمە هەمووکات قوربانیی دەستی شەڕەکان بووین، بۆ نموونە لە شەڕی عێراق و ئێراندا ئێمە زیاتر لە قەبارەی خۆمان بەرارود لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق شەهیدمان داوە، تەنانەت بە ناوچەیەکی وەك قەرەقوشیان دەگوت (شاری شەهیدان) لەبەر ئەو هەموو ژمارە زۆرەی کریستیان لە شەڕەکەدا شەهید بوون، بەڵام لەبەر هەڵوەشانی زۆر گەورەی کۆمەڵگەی کریستیان لە عێراقدا کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە دەست پێ دەکات، بە هیچ جۆرێك لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی تەواومان نەدراوەتێ و هەستمان بە پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی بوونی خۆمان کردووە، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج لە ئاماری کریستیانەکانی شارەکانی عێراق بدەین، ئەوا پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە یەك ملیۆن و شەشسەد هەزار کەس بوون، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی ئاماری دروستم لەبەر دەستدا نییە، بێگومان رێژەکە دابەزیوە بۆ زۆر کەمتر لە ٥٠٠ هەزار کەس، کە لەوانەیە هەر ٣٠٠ هەزار کەسیان مابنەوە. لێرەدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمەی کریستیان لە مووسڵ هەتا پێش هاتنی داعش لە ٢٠١٤،

چوار جاری دیکە ناچاری کۆچی زۆرەملێیان کردووین، بەڵام ئەو کۆچە زۆرەملێیانە زۆریان نەخایاندووە و جاری وا هەبووە یەك دوو هەفتە و جاری دیکەش مانگێك، یان دوو مانگ بووە و دواتر گەڕاوینەتەوە شوێنەکانی خۆمان .

*** بەڵام ئەوەی زیاتر دەنگدانەوەی هەبوو، وەك تاوانێکی گەورە دژی کریستیانەکان، ئەو کارانە بوون کە داعش لە مووسڵ لە بەرامبەر ئێوە کردنی، ئایا لە قۆناخی داعشدا کارەساتەکان چۆن بوون؟**

- داعش تاوانێکی هێجگار گەورەی دژی کریستیانەکان ئەنجام دا، ئەوەی داعش کردی تەنیا کۆمەڵکوژی نەبوو، بەڵکو هەرچی هەمان بوو لە دەستمان دا، دەستی بەسەر ماڵ و موڵکماندا گرت، هەموو کەنیسەکانیان کاول کرد و تەقاندیاننەوە، چەندین کتێبی دەستنووسمان هەبوو، مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەدەی دووەمی زایینی بە دەستی داعشییەکان فەوتان، هەروەها لە مووسڵ و لەناو گەڕەکی شیفا کەنیسەیەکی دێرینمان هەبوو بە ناوی کەنیسەی (تاهیرە) کە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا دروستکرابوو، ئەویشیان تەقاندەوە و لەگەڵ زەوی تەختیان کردو ئێستا بۆتە پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل، کاتدرائیەی مار ئەفرام کە گەورەترین کاتدرائی بوو لە مووسڵ، بۆ ماوەی ساڵێك داعش کردی بە مزگەوتی خەلافەت و دوای ئەویش تەقاندیانەوە و ئێستا ئەویش نەماوە، بۆیە دەتوانم راشکاوانە ئەوە بڵێم کە هەموو کەنیسەکانی ناو مووسڵ و ئەوانەشی لە دەشتی نەینەوا بوون هەموویان کاول بوون، ئەوەی تەقێنراوەتەوە، تەقێنراوەتەوە و ئەوەی دیکەشی سووتێنراوە، لەمەش زیاتر ئێمە گەنجێکی زۆرمان لە دەشتی نەینەوا و شنگال و ناو مووسڵیش لەلایەن داعشەوە بێ سەروشوێن کراون و هەتا ئێستا هەواڵیان نازانین، هەروەها دەتوانم بڵێم هەر خێزانێکی کریستیان لە عێراقدا (بێجگە لە هەرێمی کوردستان) هەر یەکەیان قوربانییەکیان داوە، ئەوجا ئەو قوربانییە کوڕی ئەو ماڵە بێت، یان ئامۆزا، یان پوورزایان بوویێت.

*** بەڵام دوای ئەوەی داعش ئەو کارەساتەی بەسەر کریستیانەکاندا هێنا، سەرۆك مسعود بارزانی وەك رێبەرێك و خەمخۆرێك خۆی کردە خاوەنی خەمی ئێوە، ئایا هەڵوێستی سەرۆك مسعود بارزانی لای ئێوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێت؟**

- ئێمە بەردەوام ئەو هەڵوێستەی سەرۆك مسعود بارزانی بەرامبەر بە خۆمان هەستی پێ دەکەین و بە تەقدیرەوە سەیری دەکەین، ئێمە قەت ئەوەمان لە بیر ناچێتەوە کە سەرۆك مسعود بارزانی پێی گوتین: «ئەم خاکە بەجێ مەهێڵن، ئێرە خاکی ئێوەشە، یان دەبێت پێکەوە بە ئازادی لەسەری بژین، یان دەبێت پێکەوە لە پێناوی ئەم خاکە بمرین.»، ئێمە لەسەر بنەمای ئەم قسەیەی سەرۆك بارزانی رۆڵەکانی خۆمان ئاراستە دەکەین و پێیان دەڵێین، ئێمە لەسەر ئەم خاکە میوان نین و خاکی باب و باپیرانی ئێمەشە و دەبێت بەردەوامی بە ژیان بدەین، لەبەر ئەوەی رەگ و ریشەی هەموو کریستانیەتی جیهان لەسەر ئەم خاکەیە و نابێت ئەو رەگ و ریشەیە هەڵبکێشدرێت، هەروەها هەر ئەمەش هانی داوین کە ئومێدیکمان هەبێت رۆژێك بگەڕێینەوە بۆ مووسڵ و دەشتی نەینەوا، بەڵام چۆن گەڕانەوەیەك؟ بێگومان گەڕانەوەیەك کە ئێمە بەردەوام جەختی لەسەر دەکەینەوە، دەبێت لەسەر بنەمای گەرەنتی بێت و گەڕانەوەیەکی دیراسەتکراو بێت، بەبێ ئەمە هەر گەڕانەوەیەك بۆ ئەو شوێنانە، گەڕانەوەیەکی نەزانانەیە و ئایندەیەکی نەزانراومان دەبێت.

*** ئێستا ئەو ژمارە کریستیانەی کە لە عێراقدا بوونیان ماوە، بەشی هەرە زۆری کە دەکرێت بڵێین ٩٥٪یان لە کوردستان دەژین، ئەمەش مانای ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان ژینگەی پێکەوە ژیان بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بوونی هەیە، ئایا ئێوەی کریستیانەکان تاچەند لە ئەدای حکومەتی کوردستان رازین و چیتر پێویستە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوە ژیان و لێبووردەیی بیکات؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت ئەوە بڵێم کە وڵاتێکدا یاسا نەبێت، کریستیان ناتوانێت لەو وڵاتە بژی، کولتووری ئێمە کولتووری ئاشتی و بونیادنانە نەك کولتووری داگیرکاری و شەڕ، کریستیانەکان حەزیان لە خوێندن و مەعریفەیە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٣، نیوەی ئەو

**بە هیچ جۆرێك لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی تەواومان نەدراوەتێ و هەستمان بە پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی بوونی خۆمان کردووە**

**هەتا پێش هاتنی داعش لە ٢٠١٤، چوار جاری دیکە ناچاری کۆچی زۆرەملێیان کردووین، بەڵام ئەو کۆچە زۆرەملێیانە زۆری نەخایاندووە و جاری وا هەبووە یەک دوو هەفتە و جاری دیکەش مانگێک، یان دوو مانگ بووە و دواتر گەڕاوینەتەوە شوێنەکانی خۆمان**

**هەموو کەنیسەکانیان کاول کرد و تەقاندیاننەوە، چەندین کتێبی دەستنووسمان هەبوو، مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەدەی دووەمی زایینی بە دەستی داعشییەکان فەوتان**

**گەنجێکی زۆرمان لە دەشتی نەینەوا و شنگال و ناو مووسڵیش لەلایەن داعشەوە بێ سەروشوێن کراون و هەتا ئێستا هەواڵیان نازانین**

**سەرۆک مسعود بارزانی پێی گوتین: «ئەم خاکە بەجێ مەهێڵن، ئێرە خاکی ئێوەشە، یان دەبێت پێکەوە بە ئازادی لەسەری بژین، یان دەبێت پێکەوە لە پێناوی ئەم خاکە بمرین**

**زیاتر لە ٣٠٪ی پزیشکەکان و مامۆستای زانکۆ و ئەندازیارانی عێراق کریستیان بوون، بەڵام کاتێک بارودۆخەکە تێکچوو، ناچاربوون پەنا بۆ کۆچکردن بەرن**

کتێبانەی لە عێراقدا بوونیان هەبوو، ئەو کتێبانە بوون کە لە کتێبخانەی کەنیسەکاندا بوون، زیاتر لە ٣٠٪ی پزیشکەکان و مامۆستای زانکۆ و ئەندازیارانی عێراق کریستیان بوون، بەڵام کاتێك بارودۆخەکە تێکچوو، ناچاربوون پەنا بۆ کۆچکردن بەرن، ئەوە سەرباری ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری کریستیانەکان نایانەوێت وڵاتی خۆیان بە جێ بهێڵن، لە ساڵی ٢٠١٤ کە داعش هێرشی کردە سەرمان، ئێمە بێجگە لە کوردستان نەوایەکی ئاراممان شك نەدەبرد، بۆیە روومان کردە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، ئێمە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەم خاکەین، بۆیە جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ ئێرە، لێرەش زۆر بە گەرمی و میهرەبانی پێشوازییان لێ کردین و زۆر رێزیان گرتین و ئەوەی لە توانایاندا بوو پێشکەشیان کردین، لەو ٢٠١٤ وە کە روومان کردەوە هەرێم، کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیان گوتین: ئێوە خۆتان دەزانن ئێمە لە قەیرانێکی ئابووریی گەورەداین و بەغدا گەمارۆی خستۆتە سەرمان، بەڵام وێڕای ئەوەش هەرچی هەمانە و لە ئیمکانیەتی ئێمەدایە پێشکەشتانی دەکەین. سوپاس بۆ خوا ئێمە لە کوردستان ئاسوودەین و هەست بە دڵنیایی و پاراستنی کەرامەتمان دەکەین کە ئەمە لەهەر شتێکی دیکە گرنگترە، ئەم کەنیسەیەی ئێستا لە عەنکاوە دروست کراوە، ئەمە کەنیسەیەکی تازەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی دروست کردووین، بۆیە کاتێك لێمان دەپرسن، ئێوە چۆن دەتوانن لەکوردستان بژین؟ ئێمە لە وەڵامدا راشکاوانە دەڵێین: لە کوردستان یاسا هەیە، هەروەها هەندێك جاریش ئەوەم لێ دەپرسن: ئایا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ مووسڵ و لەوێ بژین؟ من لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەردەوام ئەوەم دووپات کردۆتەوە، لە بارودۆخی ئێستا نەخێر، لەبەر ئەوەی یاسا نییە، بەڵام ئەگەر دۆخەکە ئارام ببێتەوە و یاسا بوونی هەبێت، بەڵێ دەتوانین بگەڕێینەوە و لەوێش بژین. لە کوردستان یاسا مافی هاووڵاتیبوونی رێکخستووە، بە یاسا مافی مرۆڤبوونی رێکخستووە، لە کوردستان بە یاسا رێگە نادرێت کەس دەستێوەردان، یان دەستدرێژی بکاتە سەر کەسێکی دیکە، بۆیە ئەگەر ئەم ژینگە ئارامەی کوردستان لە هەر شوێنێکی دیکەش دابین بکرێت، بێگومان دەتوانین لەوێش بژین.

*** ئەگەر پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا کریستیانەکان لە کوردستان هەست دەکەن کە رێزیان لێ دەگیرێت و هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکە نییە؟**

- پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئێمە زۆر ئاسوودەین لەم هەرێمە، زۆر رازین لە ئەدای حکومەت، بەڵگەشمان بۆ ئەمە، ئێستا هەموو عێراق دەکوڵێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئاشتی و سەقامگیری و بونیادنانەوە بەردەوامە، من رۆژانە چەندین شاند و میوانی جیاواز دێنە لام و پێشوازییان لێ دەکەم، پێش ئەوەی ئێوە بێن، قەشەیەکی سویدی میوانم بوو، بردم بۆ فڕۆکەخانە و بەڕێم کردەوە، رۆژی پێشتر شاندێکی کریستیانەکانی ئوسترالیا هاتبوون، هەموو سەریان سوڕمابوو و پێیان دەگوتین، ئێوە لە کوردستان ئەم پانتاییە فراوانەی ئازادی و ئەو رێز و تەقدیرەتان هەیە، هەروەها لەو ماوەیەی پێشوو یەکێك لە قەشەکان لە میسرەوە هاتە کوردستان بۆ سەردانیکردنمان، کە چووم بۆ پێشوازی لە فڕۆکەخانە و ئەو بینی چۆن لەناو فڕۆکەخانەی هەولێر و لە خاڵەکانی پشکنین رێزیان لە مەتران و قەشەکان دەگرت و تەنانەت پشکنیشیان بۆ نەدەکرین، ئەمە وەك رێزگرتنێك لە پیاوانی ئایینی کریستیانی، بۆیە پێی گوتم: گەورەم ئێوە لە کوردستان لە نیعمەتدا دەژین، منیش پێم گوت: ئێمە لە نیشتمانی خۆماندا دەژین، حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزگاری لە کەرامەتی هاووڵاتیانی خۆی دەکات و دەزانێت چۆن ئەو هەستەی پێ ببەخشێت کە هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکات، هەروەها دەزانێت چۆن ئینتیما بۆ هاووڵاتیان دروست بکات و گرێی بداتەوە بە خاکەوە، ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە، بۆیە ئەگەر بایەخپێدانی حکومەت نەبوایە، ئێمە ئەم هەستەمان لا دروست نەدەبوو، ئێمەش وەك ئەوانی دیکە بیرمان لە کۆچکردنی نابەدڵ دەکردەوە. ئێمە لە دیدارەکانمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، (ئەوجا چ کابینەی هەشتەم بە

سەرۆکایەتیی کاك نێچیرڤان بارزانی (کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە)، چ کابینەی نۆیەم کە کاك مسرور بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، بەردەوام ئەوەمان پێ گوتوون کە ئێمە لە کوردستان خۆشبەختین، بەڵام لەمەش باشترمان دەوێت بۆ ئەوەی گەلەکەمان هان بدەین لەسەر ئەم خاکە بمێننەوە، ئەگەر ئەم مامەڵەیەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق بەراورد بکەین، ئەوا دەبێت راشکاوانە ئەوە بڵێم، ئەو کارەساتە گەورەیەمان لەسەر دەستی داعش بەسەر هات، نەك سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەڵکو وەزیرێکیشیان نەنارد لێمان بپرسێت ئێوە چیتان بەسەر هاتووە، من راشکاوانە و راستەوخۆ ئەمەم بە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق گوتووە و پێم گوت، ئێمە ئەو کارەساتە گەورەیەمان بەسەر هات، تۆ وەزیرێکت نەنارد، هەتا لێمان بپرسێتەوە، بەڵام لە کوردستان بەو پەڕی مێهرەبانی پێشوازیمان لێ کرا.

*** ئایا تاچەند لە میانەی سەردانەکانتان و بەشداریکردن لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان توانیوتانە ئەم رووە گەشەی کوردستان پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەن؟**

- راستییەك هەیە، دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، کریستیان باڵیۆزی ئەو خاکەیە کە لەسەری دەژی، بۆیە بۆ هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بچین و بەشداری هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی بکەین، بەشی هەرە زۆری ئەو پرسیارانەی لەلایەن رۆژنامەنووسان و بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئاراستەمان دەکرێت، ئەوەیە کە دەپرسن: کوردەکان چۆن مامەڵەتان لەگەڵ دەکەن؟ حکومەتی کوردستان چۆن مامەڵەتان لەگەڵ دەکات و ئەو ئاستەنگانە چین کە رووبەڕووتان دەبنەوە؟ ئێمە زۆر راشکاوانە وەڵامیان داونەتەوە و پێمان گوتوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئەو پەڕی کەرامەتی کریستیانی پاراستووە، یاساکانی کوردستان هیچ جیاوازییەکی لە نێوان هاووڵاتی نەهێشتووە، هەموو بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە هەست بە مافی هاووڵاتیبوون دەکەن، بارودۆخی کوردستان زۆر لە بارودۆخی بەغدا و بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازە، لەو شوێنانە ئێمە هەستمان نەدەکرد رێز لە کەرامەتمان دەگیرێت، بەڵام لە کوردستان وێڕای ئەوەی لەناو قەیرانێکی سەختی ئابووریشدا بوون، حکومەتی هەرێم پێشوازی لێ کردین و ئەوەی لە توانایاندا بوو، پێشکەشیان کردین.

*** خەریکە لەناو پایتەختی کوردستان، عەنکاوە دەبێتە پایتەختە جوانەکەی کریستیان لە عێراقدا، ئایا تا چەند ئەم فرابوونە هەمە لایەنەیەی عەنکاوە بۆتە جێگەی دڵنیایی و خۆشحاڵیی کریستیانەکانی کوردستان و کریستیانەکانی بەشەکانی دیکەی عێراقیش کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە؟**

- عەنکاوە شارۆچکەیەکی بچووکی کریستیان بوو لە دەوروبەری هەولێر، پێشتر کەنیسە جیاوازەکان عەنکاوەیان بەجێهێشتبوو، تەنیا یەك کەنیسەی لێ مابوو، کە نوێنەرایەتیی یەك تائیفەی کریستانی دەکرد، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ سەیری عەنکاوە بکەیت، دەبینین بۆتە شارێکی گەورە لەناو هەولێری پایتەختدا، هەموو کەنیسەکان وەك کەنیسەکانی (کلدانی، ئاشووری، سریانی ئەرسۆزۆکس، سریانی کاسۆلیکی، کەنیسەی ئینجیلی، کەنیسەی ئەرمەنی) ئەمانە هەمووی گەڕاونەتەوە بۆ عەنکاوە، لەمەش زیاتر هەر خێزانێکی کریستیان ئەوجا لە کوردستان بێت، یان لە دەرەوەی کوردستان کە قسە لەگەڵ منداڵە رەوەندەکانی دەکات، داوا دەکەن لە عەنکاوە یەکتری ببینن، واتە هەتا ئەگەر لایەکیان لە عەممان، یان لوبنان، یان تورکیا و ئەورپاش بێت، داوا ناکەن لە یەکێك لەو وڵاتانە یەکتری ببینن، بەڵکو داوا دەکەن هەردوولا بگەڕێنەوە و لە عەینکاوە یەکتری ببینن، بۆیە عەنکاوە تەنیا نەبۆتە پایتەختی کریستیانەکان لە عێراقدا، بەڵکو بۆتە پایتەختی کریستیانەکان لە سەرانسەری جیهاندا. ئەوان کە دەگەڕێنەوە بۆ عەنکاوە، هەست دەکەن لەم شارەدا کەرامەتی کریستیانەکان پارێزراوە، زۆر میوان دێن کە بە شەقامەکاندا پیاسە دەکەن و دەبینن دووکان و فرۆشگاکان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و سریانی لێیان نووسراوە، لێمان دەپرسن ئەوە بە زمانی سریانیش لە سەریان نووسراوە، ئێمە پێیان دەڵێین: بێگومان، لەبەر ئەوەی ئەم شوێنە کریستیانە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش

**سوپاس بۆ خوا ئێمە لە کوردستان ئاسوودەین و هەست بە دڵنیایی و پاراستنی کەرامەتمان دەکەین کە ئەمە لەهەر شتێکی دیکە گرنگترە**

**لە کوردستان بە یاسا رێگە نادرێت کەس دەستێوەردان، یان دەستدرێژی بکاتە سەر کەسێکی دیکە، بۆیە ئەگەر ئەم ژینگە ئارامەی کوردستان لە هەر شوێنێکی دیکەش دابین بکرێت، بێگومان دەتوانین لەوێش بژین**

**ئەو کارەساتە گەورەیەمان لەسەر دەستی داعش بەسەر هات، نەک سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەڵکو وەزیرێکیشیان نەنارد لێمان بپرسێت ئێوە چیتان بەسەر هاتووە**

**خەڵکانێکی زۆر لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش لێمان دەپرسن بۆچی ئێوەی کریستیان لە کوردستان ئاسوودەن؟ ئێمە پێیان دەڵێن لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخمان پێدەدات و ئەوەی لە توانایدا بووە پێشکەشی کردووین و لە ئایندەش پێشکەمان دەکات، کوردەکان هەست دەکەن ئێمە چەند چەوساوەین و چ کارەساتێکمان بەسەردا هاتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان پێش ئەمە هەمان کارەسات و چەوسانەوەیان بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەوانیش وەک ئێمە مەزلوومن و زووڵمیان لێکراوە، بۆیە مەزلووم هەموو کات هەست بە ئازارەکانی مەزڵووم دەکات بەڵام زاڵم هەست بە ئازای مەزڵووم ناکات.**

**ئومێدی زیاترمان بە حکومەتی کوردستان هەیە و دەمانەوێت هێشتا بوونمان لەناو پەرلەمان و حکومەت زیاتر بێت، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی مافەکانمان کەمن و داوای زیاتر دەکەین، نەخێر بۆ ئەوەیە زیاتر خزمەت بکەین و بەشداری بونیادنانەوەی وڵاتی خۆمان بکەین**

بایەخ بە زمانی ئەم نەتەوەیە دەدات، کە زمانی حەزرەتی عیسایە، ئەوەش زۆر گرنگە کە هەست بە بوونی کەرامەتی خۆت و زمانی خۆت دەکەیت، زیاد لەمەش پێیان دەڵێین: ئێمە لە کوردستان بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەیە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی سریانی، وانەی تایبەت بە زمانی سریانی لە قوتابخانەکان دەگوترێتەوە، بۆیە هەموو ئەمانە پێگە و تەقدیری خۆیان هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. ئەم ژینگە ئارامەیە کە وایکردووە کریستیانەکان لە وڵاتانی دیکەشەوە کۆچ دەکەن و پەنای بۆ دێنن، هەر بۆ نموونە کریستیانەکانی سووریا، وەك نەوایەکی ئارام پەنایان بۆ عەنکاوە هێناوە و هاتوونەتە ئێرە.

*** ئێستا کریستیانەکانی کوردستان جیا لەوەی لە پەرلەمانی کوردستان چەندین کورسیی پەرلەمانییان هەیە، لە هەمانکاتدا لە حکومەت و دامودەزگانی دیکەشدا وەزیر و چەندین پۆستی گرنگی دیکەیان هەیە، ئایا تا چەند بەشداریکردنی ئێوە لە پرۆسەی سیاسی و حکومەتدا جێگەی ڕەزامەندیی هاووڵاتیانی ئێوەیە؟**

- ئێمە ئەو هەستە لامان دروست بووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە بوونی کریستیان دەگرێت، بۆیە بوونی ئێمە لە پەرلەمان و حکومەت، ڕەنگدانەوەی ڕێزی حکومەتە لەوەی ئێمە لەناو حکومەت و پەرلەمانیش بوونمان هەبێت، هەروەها چەندین ئەندام پەرلەمان و وەزیری و بەڕێوەبەرانی گشتیمان هەیە، زۆر جار گوێمان لەوە بووە کە کریستیانەکان لە مافی خۆیان زیاتریان وەرگرتووە، بەڵام ئێمە مافی زیاترمان وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەو مافانەی خۆمان وەرگرتووە کە حکومەت دەزانێت ئەوە مافی ئێمەیە، بەڵام نایشارینەوە ئێمە ئومێدی زیاترمان بە حکومەتی کوردستان هەیە و دەمانەوێت هێشتا بوونمان لەناو پەرلەمان و حکومەت زیاتر بێت، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی مافەکانمان کەمن و داوای زیاتر دەکەین، نەخێر



بۆ ئەوەیە زیاتر خزمەت بکەین و بەشداری بونیادنانەوەی وڵاتی خۆمان بکەین.

*** یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم خولەی پەرلەمان نووسینەوەی دەستووره بۆ هەرێمی کوردستان، ئایا ئەو مادده و خاڵانە چین کە دەتانەوێت لە دەستووری کوردستاندا هەبێت؟ هەروەها تا چەند بوار دراوە کە لە نووسینی دەستوورەکەدا بەشدار بن؟**

- پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان زۆر گرنگە، بۆیە پێویستە ئەم دەستووره دەستوورێکی تازە بێت و جیاوازی لەگەڵ دەستووری عێراق هەبێت، ئەگەر ئەو جیاوازییەی نەبێت، ئەسڵەن نووسینەوەی دەستوورمان بۆ چییە؟ من پەیوەندیم بە مادده و بڕگەکانی دەستوورەکە نییە، بەڵکو لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە داوام لێ کراوە بەشداربم لە دیراسەتی ئەم دەستوورەدا، بۆیە خاڵی سەرەکی کە دەکرێت ببێتە بناخە بۆ ئەوەی ئەم دەستوورەی لەسەر بونیاد بنرێت، بەم خاڵانە دەزانم:

١. دەبێت ئەم دەستووره جیاوازی لەگەڵ دەستووری عێراقدا هەبێت.

٢. ئازادیی تەواو بۆ هەمووان و چەسپاندنی مافی هاووڵاتیبوون.

٣. دەسەڵاتە شەرعییەکانی هەرێم لەسەر بنەمای دامەزراوەیی بن، نەك ئایینی یان ئیتنی.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایانە سەیری دەستووری عێراق بکەین، سەیر دەکەین نووسراوە دەبێت سەرۆکی عێراق موسڵمان بێت، باشە بۆچی موسڵمانبوون بکرێتە مەرج و فەرز بکرێت؟ ئایا باشتر نییە بنووسرێت پێوستە سەرۆکی وڵات مرۆڤێك بێت نوێنەرایەتیی هەموو هاووڵاتییەك بکات و لە ئەرکەکەیدا بێ جیاوازی خزمەتی هەموو لایەك بکات؟ بۆیە ئەگەر دەستووری کوردستان لە سەر پرانسیپەکانی هاووڵاتیبوون و مرۆڤبوون بنووسرێتەوە، بە راستی دەستوورێکی زۆر جوان دەردەچێت.

**لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە داوام لێ کراوە بەشداربم لە دیراسەتی دەستووردا و رام وایە دەبێت لەو دەستووره دەسەڵاتە شەرعییەکانی هەرێم لەسەر بنەمای دامەزراوەیی بن، نەک ئایینی یان ئیتنی و پێویستە لەگەڵ دەستووری عێراقدا جیاوازی هەبێت**

محەمەد سەعید عەلی
وەزیری رۆشنبیری و لاوان بۆ گوڵان:

# هەموو ئەو موڵکانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کە بە ناوی هەندێک دەزگای حکوومی و حزبی بەکاردێت، وەردەگیرێنەوە

**بۆ چوار ساڵی داهاتوو بەرنامەیەکی تێر و تەسەلمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردووە و ئومێدمان ئەوەیە بتوانین جێبەجێی بکەین**

**نابێت میدیاکان تەشهیر بکەن و هانی توندڕەوی و توندوتیژی بدەن و ئاشتیی کۆمەڵایەتی تێک بدەن**

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان جگە لەوەی ئەرکی پێشخستنی بوارەکانی رۆشنبیری و هونەری و وەرزش و لاوانی لە ئەستۆدایە، هاوکات ئاماژەیەکیشە بۆ دەربڕینی سیاسەت و ئاراستەی کارەکانی حکومەت، هەر بۆیە هەمووان بە گرنگییەوە دەڕواننە دەستپێکردنەوەی کارەکانی ئەم وەزارەتە دوای ئەوەی قەیرانی دارایی زۆربەی کاروچالاکییەکانی راگرتبوو، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی پەیوەندیدار بە ئەرك و کارەکانی وەزارەت ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ محەمەد سەعید عەلی وەزیری رۆشنبیری و لاوان ئەنجام دا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.



*** لەساڵانی رابردوو، یەکێك لەو وەزارەتانەی بە پلەی یەکەم کاریگەریی قەیرانی دارایی لەسەر بوو؛ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بوو، ئەم وەزارەتە بەشی زۆری چالاکییە هونەری و کولتوورییەکانی خۆی راگرت، بەڵام ئەوەی گوێبیستی بووین لە کابینەی تازەدا جووڵەیەکی باش دەستی پێکردۆتەوە، ئایا رەهەندە گشتییەکانی بەرنامەی چوارساڵی داهاتووتان لە بواری پەرەپێدانی رۆشنبیری و لاوان چییە؟**

- راستە قەیرانی دارایی کاریگەریی لەسەر چالاکییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارو چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لە بوارەکانی رۆشنبیری و هونەری و وەرزش و لاوان نەوەستابوون، بە پشتیوانیی وەزارەتی دارایی و ئابووری و سپۆنسەریی کەرتی تایبەت و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەندین چالاکی لە سەرانسەریی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دی ئەنجام دراون. هێڵە گشتییەکانی کارنامەی چوار ساڵی ئایندەمان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە بەرنامەیەکی تێرو تەسەلە و سەرجەم رشتەکانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی لەخۆگرتووە. ئومێد دەکەین بە هۆی باشتربوونی رەوشی ئابووری بتوانین بەرنامەی کارمان بۆ چوارساڵی داهاتوو جێبەجێ بکەین، کە خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و لاوان و بوارەکانی دیکەی کولتووری و میدیایی لە کوردستاندا دەکات.

*** دیارە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیبووی پردێکی پتەو لەنێوان رۆشنبیران و هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان دروست بکات، تێکەڵیەکی دروست کردبوو کە هەست بە جیاوازی نەدەکرا، ئایا تاچەند بەنیازن ئەم چالاکییانە دووبارە دەست پێبکەنەوە؟**

- برگەی سێیەمی مادەی دووەمی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئاماژەی بەوە کردووە

**ئومێدەوارین زیاتر پەرە بەو پەیوەندییە کولتوورییانە بدەین کە خزمەت بە بواری کولتووری کوردستان دەکات و رەنگدانەوەی لەسەر پتەوکردنی گیانی نەتەوەیی دەبێت**

کە دەبێت پەرە بە پەیوەندیی کولتووری و وەرزشی و لاوان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ و وڵاتانی دراوسێ و گەلانی ناوچەکە و جیهان بدرێ، وەزارەت ئەم بوارە بە گرنگ دەزانێ و کاری جددی لەسەر دەکات. لەو سۆنگەیەوە وەزارەتمان پەیوەندیی بەهێزی کولتووری لەگەڵ کوردستانییان و وڵاتانی دراوسێ هەبووە، چەندین چالاکی لێرە و لەوێ ئەنجام دراوە و کاروانی ئەو پەیوەندییە کولتوورییە بەردەوامە و ئومێدەوارین زیاتر پەرە بەو پەیوەندییە کولتوورییانە بدەین کە خزمەت بە بواری کولتووری کوردستان دەکات و رەنگدانەوەی لە سەر پتەوکردنی گیانی نەتەوەیی دەبێ .

*** وەزارەتی رۆشنبیری هەموو کات ئاماژەیە بۆ دەربڕینی سیاسەت و ئاراستەی کارەکانی حکومەت، بەڵام لە ئێستادا وەزارەتی رۆشنبیری بە هۆی ئەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نییە، یانیش رۆژنامەیەکی رۆژانەی نییە، خەڵك کەمتر بە سیاسەتی فەرمیی حکومەت ئاشنایە، ئایا بەنیازن نین بەرنامەیەك بۆ ئەم لایەنە گرنگە دابنێن؟**

- راستە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بە هۆی قەیرانی داراییەوە لە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار وەستاوە، ئێستا تەنیا رادیۆی نەورۆزی لە هەولێر هەیە، بەڵام بەرنامەمان هەیە ئەو رادیۆیە پەرە پێ بدەین و لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بەرنامەکانی پەخش بکات، هەرچی لەو بوارانەدا پێمان بکرێ، دریغی ناکەین. کەناڵێکی تەلەفزیۆنی منداڵانیشمان هەبوو، کە ئێستا کارناکات، بەرنامەمان هەیە بودجە بۆ ئەو تەلەفزیۆنە دابین بکەین و وەك تەلەفزیۆنێکی کولتووری بەرنامەکانی پەخش بکات.

*** بە حوکمی ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری هیچ سانسۆرێکی لەسەر پەخش و بڵاوکردنەوە نییە، هەست دەکرێت کە جۆرێك لە پاشاگەردانی لە کاری میدیا و تەلەفزیۆنی کوردیدا هەیە، کە رەنگە هەندێك جار ئەم فەوزایە زیان بە گوتاری نیشتمانیمان بگەیەنێت، ئایا کارێکی باش نایێت ئەگەر هەوڵبدرێت بە یاسا ئەم فەوزایە رێکبخرێت؟**

- یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)، ئاماژەی بەوە کردووە کە چاودێری لەسەر چاپەمەنی و میدیا نییە، ئەوەش گوزارشتێکە لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەر ئەو یاسایە ئاماژەی بەوە کردووە کە نابێ میدیاکان تەشهیر بکەن و هانی توندڕەوی و توندوتیژی بدەن و ئاشتیی کۆمەڵایەتی تێك بدەن، ئەگەر وا بکەن، لە رێی داواکاری گشتی و دادگاوە دەتوانرێ ساکاڵایان لە سەر تۆمار بکرێ و لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت. بەگشتی یاسای چاپەمەنی پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە بگونجێت و نەك کاری چاپەمەنی، بەڵکو کاری میدیاکان بە گشتی رێك بخات.

*** ئایا هەنگاو هەیە بۆ ئەوەی رێکلام و دراماکان بە فلتەرێکدا تێپەڕ بێت؟**

- رێکخستنی رێکلام پێویستی بە یاسایەکی تایبەتە کە پەرلەمانی کوردستان دەری بکات و سەرجەم بوارەکانی ئەو پرسە بە یاسا بەرجەستە بکات، ئەوەی سەبارەت بە رێکلام ئیشی لەسەر دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، رێنمایی رێکخستنی فرێکوانس سپەیسە لە هەرێم، کە هێڵە گشتییەکانی رێکلام و بانگەشەکردنی دیاری کردووە، بەڵام ئەم رێنماییە پێویستی بە پەرەپێدان هەیە و دەبێت بکرێت بە یاسایەکی تایبەت و لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت. سەبارەت بە درامەکانیش ئێمە بە پێویستی دەزانین بە فلتەری تایبەتدا بڕوات، بەڵام ئەوەش پێوستی بە ستافێکی پرۆفیشناڵ و زمانزان و ئامێری پێشکەتوو هەیە، لە هەوڵی ئەوەین ئەو پێداویستییانە دابین بکەین بۆ فلتەرکردنی دراماکان .

*** پێشتر کۆمەڵێك کەناڵی دیجیتاڵیی لۆکاڵ هەبوون، خەڵك زۆر پێی دڵخۆش بوو، بەڵام ئێستا چەند کۆمپانیایەك هەموو کەناڵەکانی کردۆتە مشەفەر و ناکرێنەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی بەشی هەرە زۆری ماڵان ئامێری (ئای ستار)یان بە نرخی نزیکەی ٥٠ دۆلار کڕیوە، بەڵام ئێستا کەناڵەکان ناکرێنەوە، ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکەن و ئایا قسەتان لەگەڵ ئەو کۆمپانییانە کردووە؟**

- هەردوو کۆمپانیای ئای ستار و میکس میدیا مۆڵەتی یاساییان لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گەیاندن وەرگرتووە بۆ رێکخستنەوە و پەخشکردنی کەناڵە ناوخۆییەکان و لە بەرامبەر ئەو کارە بڕێك پارە بۆ

کەناڵێکی تەلەفزیۆنی منداڵانمان هەبوو، کە ئێستا کارناکات، بەرنامەمان هەیە بودجە بۆ ئەو تەلەفزیۆنە دابین بکەین و وەک تەلەفزیۆنێکی کولتووری بەرنامەکانی پەخش بکات

یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)، ئاماژەی بەوە کردووە کە چاودێری لەسەر چاپەمەنی و میدیا نییە، ئەوەش گوزارشتێکە لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە هەرێمی کوردستان

یاسای چاپەمەنی پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە بگونجێت و نەک کاری چاپەمەنی، بەڵکو کاری میدیاکان بە گشتی رێک بخات

فرۆشتنی ئامێرەکە و بەشداری ساڵانە وەردەگرن، هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە.

*** پێشتر وەزارەتی ڕۆشنبیری بایەخێکی زۆری بە ئەدەبیات و چیرۆکی منداڵان دەدا و چەندین جۆر بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان چاپ دەکرا، هەروەها هەر بە پشتگیریی وەزارەت چەندین ئۆپەرێت و گۆرانی و چالاکیی منداڵان بەرهەم دەهێندرا، بەڵام ئێستا ئەمانە نەماون، ئایا پێویست نییە بەرنامەیەك بۆ ئەم لایەنە هەبێت، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ژینگەیەکی نیشتمانی منداڵان ئاراستە بکرێن؟**

- پێشتر بەڕێوەبەرێتی منداڵانمان لە پارێزگاکانی هەرێم هەبوو، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە کران بە بەش و بودجەی پێوست نەما بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکییەکان و چاپکردنی کتێب و نامیلکە لەسەر منداڵان. بەڵام سەرباری قەیرانی دارایی هاوکاریی بەشی منداڵان کراوە کە ساڵانە چەندین چالاکی بۆ منداڵان ئەنجام بدەن و ئومێدەوارین لە کابینەی نۆیەم قەیرانی دارایی بە تەواوی نەمێنێ و بتوانین بودجەی پێویست بۆ ئەو بوارە دابین بکەین و بایەخی زیاتر بە جگەرگۆشەکانمان بدەین.



*** سەبارەت بە کردنەوەی پێشانگاکانی کتێب کە ساڵانە لە کوردستان دەکرێنەوە، دیارە هەموو ساڵێك گلەییەکی زۆر لە لیژنەی سەرپەرشتیی ئەو پێشانگایانە دەکرێت، لەبەر ئەوەی خانەی بڵاوکراوەکان بەتایبەتی (عەرەبییەکان) کۆمەڵێك کتێب دەهێنن کە توندوتیژی و دەمارگیری بڵاودەکاتەوە، ئایا بەرنامەتان بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هزری دەمارگیری و توندڕەوی چۆنە؟**

- سەبارەت بەو پێشانگایەی کتێب کە ساڵانە لە هەولێر پایتەخت دەکرێتەوە، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە کە ساڵانە پێش کردنەوەی پێشانگا سەیری ناونیشانی کتێبەکان دەکات، لە ساڵانی ڕابردووش دەیان ناونیشانی کتێبیان قەدەغە کردووە و ڕێیان لێ گرتوون کە نمایش بکرێن، ئەو کتێبانەش پەیوەندییان بە هاندانی توندوتیژی و توندڕەوی هەبووە.

*** فلیمی سینەمایی و هاوکاریکردنی سینەماکاران تاچەند لە بەرنامە و کارەکانی ئەم کابینەیەدایە، بەتایبەتی ئەو فلیمە سینەماییانەی مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییان هەیە، تا چەند جێگای بۆ کراوەتەوە؟**

- لە کارنامەی چوارساڵی داهاتوو کە پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، ئاماژە بە بوارە هونەرییەکان دراوە، لە ناویاندا باسی بایەخدان بە بواری سینەما و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و فیستیڤاڵی سینەما کراوە، بێگومان ئەو فیلمانەی ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیە لە پێشەنگدا دەبن و بایەخی زیاتریان پێ دەدرێ.



*** لە کوردستان ساڵانە فیستیڤاڵێکی زۆری ڕۆشنبیری و کولتووری گەلان بەڕێوەدەچوو، ئایا هیچ ئومێدێك هەیە، یان بودجەیەك هەیە دووبارە گرنگی بەو فیستیڤاڵانە بدرێتەوە بە تێچوونێکی کەمتر؟**

- لە بەرنامەی کاری وەزارەتدا بایەخ بە فیستڤاڵەکان دراوە، هەر بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی فیستیڤاڵەکان لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێکهاتووە، ئەم لیژنەیە گەڵاڵەنامەیەکی وەك ڕێنمایی ئامادە کردووە بۆ ئەو مەبەستە و هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتەی لەبەرچاو گرتووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا پەسەند دەکرێ و دەخرێتە بواری جێبەجێکردن. ئومێدمان زۆرە لە سایەی ئەم کابینەیەدا فیستیڤاڵەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و جوانتر بەڕێوەبچن کە مۆرکێکی کوردستانی و سرووشتێکی نێودەوڵەتییان هەبێت.

*** وەزارەتی ڕۆشنبیری موڵکی هەیە، دەستی بەسەرداگیراییێت و وەرنەگیراییێتەوە، ئایا بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو موڵکانە چ هەنگاوێك دەنرێت؟**



- چەند موڵکێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەن کە لە پێش ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ نەکرابوون بە ناوی ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەو موڵکانە لەکاتی ئێستادا لە لایەن هەندێك دامودەزگای حکوومی و حزبی بەکاردێن، بۆ گەڕانەوەی ئەو موڵکانە نووسراومان بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەڵام بۆ هەندێك موڵکیان کێشەی یاساییمان هەیە، کە زەوی و باڵاخانەکان بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبری و لاوان تۆمار نەکراون. لە سایەی ئەم کابینەیەش هەوڵەکانمان بەردەوام دەبێت بۆ گەڕانەوەی ئەوموڵکانە.

# دواجار بەغدادی کوژرا..بەڵام!!

ڕێکخراوی داعش بە تۆمارێکی دەنگی و لە ڕێی ئاژانسی هەواڵی (الانباء)ی سەر بە ڕێکخراوەکە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی دوای هێرشێکی ئاسمانیی ئەمریکا دووپات کردەوە، ڕێکخراوەکە ڕایگەیاند کە ئەبو ئیبراهیم ئەلهاشمی ئەلقورەشی بوو بە جێگری بەغدادی. هەروەها ڕوونی کردەوە کە ئەبولحەسەن ئەلموهاجری وتەبێژی ڕێکخراوەکەش کوژراوەو ئەبو حەمزە ئەلقورەشی هاتۆتە شوێنی، بەپێی نامەیەکی دەنگی کە پێگەی (الفرقان)ی باڵی میدیایی ڕێکخراوەکە بڵاوی کردەوە.

وتەبێژی فەرمیی تازەی ڕێکخراوەکە ئەبو حەمزە ئەلقورەشی لە تۆمارێکی دەنگیدا لە ماڵپەڕی تەلگرام گوتی: «پرسەی ئەبوبەکر بەغدادی، هەروەها ئەبولحەسەنی وتەبێژی فەرمیی دەوڵەت ڕادەگەیەنین کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا کوژران»، هەروەها گوتی: «ئەنجومەنی شورای ڕێکخراوەکە بەیعەتی داوەتە ئەبو ئیبراهیم ئەلهاشمی ئەلقورەشی وەك ئەمیر»، بەپێی پەیامێکی دەنگی، داواشی لە ئەندامەکانی کرد وەلا بۆ سەرکردە تازەکە ڕابگەیەنن، ئەمەو سەرۆکی ئەمریکا لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی لە گوندی (باریشا)ی سەر بە ئیدلب لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا ڕاگەیاندبوو، دوای ئۆپەراسیۆنێکی دابەزینی هێزێکی ئەمریکا کە تێیدا هەروەها دوو ژنی و سێ منداڵی و چەندین کەسیش لە پاسەوانانی کوژران، بە گوتەی سەرۆکی ئەمریکا بەغدادی کاتێ کوژرا کە قەمسەڵە بۆمبڕێژکراوەی تەقاندەوە، دوای ئەوەی دەوری گیرا لە ناو تونێلێکی داخراو کە سێ منداڵی خۆیشی لەگەڵدا بوون، ئەو دوو ژنەیشی کە کوژران دوو پشتێنەی بۆمبڕێژکراویان لەبەردا بوو.

ترەمپ دووپاتیشی کردەوە کە ڕووسیا و تورکیا پێش ڕوودانی لەم ئۆپەراسیۆنە ئاگادار



**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کرانەوە، بەڵام چۆنێتیی ئەنجامدانیان نەزانیبوو، رووسیاش بواری ئاسمانی کردەوە کە تەنیا هێزەکانی ئەمریکا لە ئاسماندا بوون، ترەمپیش سوپاسی هەر یەك لە رووسیا و تورکیا و سووریا و عێراق و کوردی کرد، کە توانییان بە زانیاریی گرنگ یارمەتیی هێزەکانی ئەمریکا بدەن.

پرسیارکە ئەوەیە: بۆچی سەرۆکی ئەمریکا سوپاسی ئەو دەوڵەتانەی کرد کە بە تەواوی دەزانێت کورد خاوەنی ئەو چاکەیە بوون و پشتیوانیی ئەو سەرچاوەیان کرد کە بە هۆیەوە توانرا بەغدادی بدۆزرێتەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەی رووسیا بواری ئاسمانی بۆ کردەوە و تورکیاش گرێبەستی لەگەڵدا کردبوو و چاوپۆشیی لە تەسفیەکردنی کرد؟ تورکیا دەیزانی لە چ شوێنێکە، هەروەها شوێنی ئەلموهاجر، هەردووکیان لە نزیك سنووری تورکیا لەناو خاکی سووریا خۆیان شاردبۆوە، ئەلموهاجر لە جەرابلوس دۆزرایەوە، کە شارێکە سەر بە پارێزگای حەلەبە و لەژێر کۆنترۆڵی تورکیادایە، هەرچی بەغدادی بوو لە ئاوایی ئیدلب دۆزرایەوە کە چەندین خاڵی پشکنینی سەربازیی تورکیای تێدایە. بەغدادی خەریك بوو خێزانەکەی دەناردە ناو خاکی تورکیا کە پێشتر ئەمیری زەکات لە رێکخراوەکە ئەنجامی دابوو و کە دوای کوشتنی بەغدادی و ئەلموهاجر ئەویش دەستگیرکرا، لەسەر داوای حکومەتی ئەمریکا پاش ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی لە تورکیا ئاشکرا بوو!!

ئەمریکا چاك دەزانێت پەیوەندیی نێوان هەواڵگریی تورکیاو داعش چۆنە، بەڵام بێ دەنگە، هەروەك چۆن بێ دەنگ بوو لەهەمبەر هەواڵگریی پاکستان لە مەسەلەی شاردنەوەی بن لادن. ئەدی سەبارەت بە سووریا؟ سەرۆکەکەی رەتی کردەوە کە ئاگای لە کوشتنی بەغدادی هەبێت، ئەو لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی فەرمیی

**بە گوتەی سەرۆکی ئەمریکا بەغدادی کاتێ کوژرا کە قەمسەڵە بۆمبرێژکراوەی تەقاندەوە، دوای ئەوەی دەوری گیرا لە ناو تونێلێکی داخراو کە سێ منداڵی خۆیشی لەگەڵدا بوون، ئەو دوو ژنەیشی کە کوژران، دوو پشتێنەی بۆمبرێژکراویان لەبەردا بوو**

**ئەلموهاجر لە جەرابلوس دۆزرایەوە، کە شارێکە سەر بە پارێزگای حەلەبە و لە ژێر کۆنترۆڵی تورکیادایە، هەرچی بەغدادی بوو لە ئاوایی ئیدلب دۆزرایەوە کە چەندین خاڵی پشکنینی سەربازیی تورکیای تێدایە**

**ئەمریکا چاک دەزانێت پەیوەندیی نێوان هەواڵگریی تورکیاو داعش چۆنە، بەڵام بێ دەنگە، هەروەک چۆن بێ دەنگ بوو لەهەمبەر هەواڵگریی پاکستان لە مەسەلەی شاردنەوەی بن لادن**

(الاخبارية)ی سووریا گوتی: «گوێمان لە هەواڵی کوشتنی بەغدادی نەبووە، مەگەر لە رێی میدیاکانەوە، رەنگە ناوی سووریا لەم بابەتەدا هاتبێت لەپێناو ئەوەی پشتراست بکرێتەوە، بەڵام نازانین ئەم کوشتنە ئەنجام دراوە، یان نا». ئەسەد پرسیاری کرد: «بۆچی هەموو شتێکیان سەبارەت بە کوشتنی بەغدادی شاردەوە؟ هەروەها هەر چی پەیوەستە بەم بابەتەوە فرتوفێڵە، بەغدادی و رەنگە داعشیش بەرهەم بهێنرێتەوە..!!».

ئەوەی باسمان کرد، بە رای من، پێویستی بە هەڵوەستەکردنە، دوای کوشتنی بەغدادی زۆر لایەن ئیدیعای ئەوەیان دەکرد، کە ئەوان زانیارییان دەربارەی بەغدادی داوە لەو ناوچەیەی کە لێی کوژرا. عێراق ئیدیعای ئەوەی کرد کە هەوڵگرییەکەی بەشدار بووە لە پێشکەشکردنی زانیاریی گرنگ لەسەر شوێنی بەغدادی لە سووریا، لە رێی شانەیەکی تایبەتی (ئەمریکی،بەریتانی،عێراقی)، هەروەها زانیارییەك سەبارەت بە هەوڵی بەغدادی بۆ گواستنەوەی خێزانەکەی بۆ خاکی تورکیا.

عێراق بەم شێوەیە باس دەکات کە دوای ئەوەی هەواڵگریی عێراقی هاوزاوای بەغدادی دەستگیرکرد، کە بە خۆی ناوی محەمەد عەلی ساجد زەوبەعییە لەو ناوچەیەی کە رەنگە بەغدادی لێ بێت، لەوێوە توانرا بەو رێگەیەدا بەدوایدا بگەڕێن لە نزیك چیای دروزی نزیك گوندی (باریشا) لە ئیدلب، ئەو کەسە لە سەرەتای ددانپێدانانەکەیدا بردنیە تونێلێکی بیابان لە نزیك شاری قائیم لە رۆژئاوای ئەنبار، کە لەوێ دوو حەشارگەی پڕ لە کەلوپەلی شەخسی دۆزرانەوە، کە بریتی بوون لە چەکی سووك و جانتای دەرمانی پزیشکی و کتێبی ئایینی و جانتایەکی بچووك کە نەخشە و پێگەی وێنەکێشراوی دەستنووسی تێدا بوو.

بەپێی ئەو قسانە ژووری بەدواداچوونی بەغدادی سەرکەوت لەوەی کە دزەبکاتە نێو تۆڕی قاچاخەوە، لە کۆتایی مانگی ئاب، یان سەرەتای مانگی ئەیلوولی رابردوودا بەدواداچوونیشی کرد تایبەت بە چوونی بەغدادی بۆ ئیدلب، ئەوەشی روونکردەوە کە لەمیانی ئەو دزەکردنەی تۆڕی قاچاخەوە تایبەت بە گواستنەوەی خێزانەکانی ئەو سەرکردانەی رێکخراوەکە بۆ دەرەوەی سووریا، بۆ تورکیا، ئەو ناوچەو گوندە دەستنیشان کرا کە پێدەچێت بەغدادی رووی تێ کردبێت، دواتر ئەرکەکە بە لایەنی ئەمریکا سپێردرا بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردن.

لە سەربردەیەکی دیکەدا دوو هێڵ هەبوون بە درێژایی شەش مانگ بەدواداچوونیان بۆ ئەبوبەکر بەغدادی دەکرد، کە بریتی بوون لە شانەی هەڵۆی هەواڵگریی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، هەروەها دەزگای هەواڵگری، کە دوای دەستکەوتنی زانیاریی ورد گەیشتنە شوێنی بەغدادی. بەپێی هەمان سەربردە بەغدادی بە هۆی ئەو بەدواداچوونە زۆر هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد، بۆیە شوێنی خۆی گۆڕی و خاکی عێراقی بەرەو سووریا بەجێ هێشت، لەو دوو سەربردە عێراقییەدا تێدەگەین کە بەدواداچوون بۆ بەغدادی لە خاکی عێراقەوە بووە، نەك لە سووریاوە، هەرچەندە من هەردوو سەربردە بە تەواوی رەتدەکەمەوە، دەزگایەك نەتوانێت قەنناس بەدەستەکانی بەغدا ئاشکرا بکات کە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان دەکوژن، چۆن دەتوانێت جوولەی بەغدادی لە باکووری سووریا ببینێت؟ لە کوێش، لە ناوچەیەکی ئۆپەراسیۆن کە لێی دوورە و لە ژێر کۆنترۆڵی لایەنگرانی تورکیادایە؟

بەڵام سەربردەکەی رووسیا جیاواز بوو لە راگەیاندنەکەی ئەمریکا بە کوشتنی سەرۆکی رێکخراوی داعش ئەبوبەکر بەغدادی، قسەکانی رووسیا گوماناوی بوون لەو وردەکارییەی کە واشنتۆن خستییە روو، هەرچەندە رووسیا ددانی بەوەدا نا، کە ئامێرەکانی روانگەی رووسیا چاودێریی فڕۆکەکانی ئەمریکایان دەکرد، کە ئەم هێرشەیان لە ئیدلب ئەنجام دا. بەدواداچوونەکەی رووسیا لەوەدا هات، دوای ئەوەی کە هەڵوێستی وەزارەتی بەرگری زیاتر روون بووەوە لە گوزارشتکردن سەبارەت بە گومانبردن بە سەربردەی ئەمریکا، وەزارەتی بەرگریی رووسیا لە بەیاننامەیەکدا دووپاتی کردەوە کە هیچ زانیارییەکی راست لە ئارادا نییە سەبارەت بەوەی کە ئەمریکا ئەو

**دەزگایەک نەتوانێت قەنناس بەدەستەکانی بەغدا ئاشکرا بکات کە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان دەکوژن، چۆن دەتوانێت جوولەی بەغدادی لە باکووری سووریا ببینێت؟**

ئۆپەراسیۆنە تازەیەی بۆ کوشتنی سەرکردەی داعش ئەنجام دابێت. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لایەنی ئەمریکا هیچ هەماهەنگییەکی جوولەی لەگەڵدا نەکردووین، ئەم راگەیاندنەش ناکۆک بوو لەگەڵ دووپاتکردنەوەکەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا کە گوایە لایەنی رووسیای لێ ئاگادار کردۆتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە ترەمپ ستایشی رۆڵی رووسیای کرد لە سەرخستنی ئەم ئۆپەراسیۆنە.

لایەنی رووسیا دووپاتیشی کردەوە کە وەزارەتی بەرگریی رووسیا زانیاریی باوەڕپێکراوی نییە دەربارەی چالاکییەکانی سوپای ئەمریکا لە ناوچەی ئیدلب، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کرملین دووپاتی دەکاتەوە ئاگای لە جوولەی فڕۆکەکانی ئەمریکا بێت. تەنانەت وتەبێژی سەربازیی رووسیا دووپاتی کردەوە کە لەم رۆژانەی دواییدا هیچ گورزێکی ئاسمانی لە ناوچەی ئیدلب لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمریکا، یان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئەنجام نەدراوە!!

سەبارەت بە تورکیا، وتەبێژی سەرۆکایەتیی تورکیا رایگەیاند کە دەزگا سەربازییەکان و هەواڵگریی هەردوو وڵات (ئەمریکا و تورکیا) لە پەیوەندیدا بوون دەربارەی ئۆپەراسیۆنی کوشتنی بەغدادی، بەتایبەتیش شەوی جێبەجێکردنی پەیوەندیی چڕ لە ئارادا بوو لەنێوان دەزگا سەربازییەکاندا. بەڵام بەرپرسێکی سەربازیی ئەمریکی بە گۆڤاری (نیوزویک)ی راگەیاندبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشتر بەم ئۆپەراسیۆنە ئاگاداری تورکیای نەکردبۆوە کە ئامانج لێی بەغدادی بوو، تەنانەت وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد کە زانیاری و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتی سەربازیی تورکیا و ئەمریکا ئاڵوگۆڕ کرابوو پێش ئەوەی ئەمریکا ئەمە لە ئیدلب ئەنجام بدات، بەڵام نازانین ئایا هەماهەنگییەکە دەربارەی پێدانی تیشکی سەوز بوو بە ئەمریکییەکان لەلایەنی تورکیاوە لە چوارچێوەی ئەو گرێبەستەی باسمان کرد؟

سەبارەت بە کوردیش، پلان بۆ ئەم هێرشە لە هاوینی رابردووەوە کێشرابوو، کاتێک (CIA) زانیاریی دەستکەوت سەبارەت بەو شوێنە گشتییەی کە بەغدادی خۆی تێدا حەشاردابوو لە گوندێکی قوولایی باکووری رۆژئاوای سووریا، کە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی گرووپە پێکناکۆکەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە و نزیک لە تورکیا. لەمیانی دزەکردنە نێو تۆڕی قاچاخ تایبەت بە گواستنەوەی خێزانی سەرکردەکانی داعش بۆ دەرەوەی سووریا، بە تایبەتیش بۆ تورکیا، ئەو ناوچە و گوندە دەستنیشان کرا کە پێیان وا بوو بەغدادی خۆی گەیاندووەتێ. (CIA) لە نزیکەوە کاری بەو زانیاریانە کرد لەگەڵ بەرپرسانی هەواڵگریی کورد لە عێراق و سووریا بۆ دەستنیشانکردنی وردی شوێنی بەغدادی، هەروەها بڵاوکردنەوەی سیخوڕ لە شوێنی گونجاو بۆ چاودێریکردنی جووڵەی بەغدادی.

ئەمریکییەکان دەڵێن کە کورد بەردەوام زانیارییان دەدا بە (CIA) تایبەت بە شوێنی بەغدادی، تەنانەت دوای ئەوەی کە بڕیارەکەی ترەمپ بووە هۆی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەوەی کە وای کرد کوردی سووریا بە تەنیا رووبەڕووی هێرشەکەی تورکیا ببنەوە. تەنانەت بەرپرسێکی ئەمریکی گوتبووی کە کوردانی سووریا و عێراق زانیاریی وردتریان پێشکەش کردبوو تایبەت بە هێرشی چاوەڕوانکراو لە هەر دەوڵەتێکی دیکەوە، بۆیە سەرچاوەیەکی کوردی توانی زانیاریی ورد بداتە هەواڵگریی ئەمریکا پەیوەست بە سەرۆکی رێکخراوی داعش ئەبوبەکر بەغدادی، کە بریتی بوو لە پارچە جلکێکی ژێرەوەی بەکارهێنراو و سامپڵێك لە خوێن، ئەمە لەلایەن فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) وە ئاشکراکرا، ئەو راپۆرتەی کە سەرچاوە کوردییەکە پێشکەشی کردبوو، زانیاریی وردی تێدا بوو سەبارەت بە نەخشەکاریی شوێنەکە کە خۆی تێدا حەشاردابوو، لەگەڵ ژمارەی پاسەوانەکان و تونێلەکانی دەوری بینایەکەی پەنای بۆ بردبوو، خۆی ئامادە کردبوو بەجێی بهێڵێت، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێرشەکەی جێبەجێ کرد و سەرچاوەکەی ناو بینایەکەی بە سەلامەتی قوتار کرد.

بەپێی (واشنتۆن پۆست)، سەرچاوەکە لە کاتی هێرشەکە لەوێ بووە و خۆی و خێزانەکەی دوای دوو رۆژ لەو شوێنە دوور

**ئەمریکییەکان دەڵێن کە کورد بەردەوام زانیارییان دەدا بە (CIA) تایبەت بە شوێنی بەغدادی، تەنانەت دوای ئەوەی کە بڕیارەکەی ترەمپ بووە هۆی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەوەی کە وای کرد کوردی سووریا بە تەنیا رووبەڕووی هێرشەکەی تورکیا ببنەوە**

> **لایەنی کوردی تاکە لایەن بووە کە بەدواداچوونی بۆ بەغدادی کردووەو زانیاریی هەواڵگریی دەربارە کۆکردۆتەوە، دواتر شوێنەکەی دەست نیشان کردووە، ئەمە هەمووی ئەنجامی هەوڵی خۆی بووە، کە هەر ئەو وردەکارییەکانی شوێنەکەی داوە، ئاراستەی پرۆسەی دابەزینی ئاسمانیی کردووەو بەشداریی پرۆسەکەو سەرخستنی کردووە**

خراونەتەوە، سەرچاوەکە زانیاریی هەبووە بە وردەکاریی حەشارگەی بەغدادی، هەروەها هەواڵگریی کوردی ئەو هەواڵدەرەی دۆزیوەتەوە بەهۆی کەسێکی کورد، کە عەرەبێکی سوننە بوو و لە ڕێکخراوەکە هەڵگەڕابۆوە، دوای ئەوەی خزمێکی بەدەستی چەکدارانی داعش کوژرابوو، دوای ئەمە کورد ناوەکەیان دایە ئەمریکییەکان کە چەند هەفتەیەك لێکۆڵینەوەیان کرد بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی زانیارییەکە پێش ئەوەی دەرفەت بقۆزنەوە لە مانگی تشرینی یەکەم و هێرش بکەنە سەر حەشارگەی بەغدادی، بە گوتەی ڕۆژنامەکە.

لە ڕاستیدا ئەم هێرشە سەرکەوتوو نەدەبوو ئەگەر هەواڵگریی کوردی نەبوایە، هەروەها بێ سیخوڕێکی شاردراوە لەنێو کۆمەڵگەکە و نزیك لە بەغدادی. کەواتە لایەنی کوردی تاکە لایەن بووە کە بەدواداچوونی بۆ بەغدادی کردووەو زانیاریی هەواڵگریی دەربارە کۆکردۆتەوە، دواتر شوێنەکەی دەست نیشان کردووە، ئەمە هەمووی ئەنجامی هەوڵی خۆی بووە، کە هەر ئەو وردەکارییەکانی شوێنەکەی داوە، ئاراستەی پرۆسەی دابەزینی ئاسمانیی کردووەو بەشداریی پرۆسەکەو سەرخستنی کردووە تا دوا سات. ترەمپ ئەم بەشداریکردنەی دووپاتکردەوە کە چۆن زانیاری داوە و بۆتە هۆکاری لەناوبردنی بەغدادی، تەنانەت مایك پینس جێگری سەرۆکی ئەمریکا دووپاتی ئەم بەشدارییەی کردەوە و گوتی: هۆکاری سەرکەوتنی هێرشەکەی ئەمریکا بۆ کورد و هێزی تایبەتی ئەمریکا و هێزی دەلتا فۆرس دەگەڕێتەوە.

لێدوانەکەی ترەمپ و پینس تورکیای پەست و تووڕە کرد، بۆیە وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغلو وشیاریی دا لە پێدانی ڕۆڵ بە کورد لەم ئۆپەراسیۆنە، بەتایبەتیش یەکینەکانی کوردی. تەنانەت وتەبێژی فەرمی بە ناوی سەرۆکایەتی تورکیا وەك هەمیشە ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ناتوانێت هەوڵەکانی بریقەدارکردنی وێنەی یەکینەکانی کوردی قبووڵ بکات..!!

با واز لەو قسە بێ سەروبەرانە بهێنین و بگەڕێینەوە سەر بابەتەکە، کە کوشتنی بەغدادییە، هەندێ ئاماژە دەربارەی ئەو بابەتە هەیە:

> **بەغدادی خۆی نەتەقاندۆتەوەو سێ منداڵەکانیشی نەکوشتووە وەک باسکراوە، بەڵکو فڕۆکە هێرشبەرەکانی ئەمریکا کوشتوویانن کاتێ هەموو بینایەکەیان بەسەردا ڕووخاندوون**

١. شوێنی هێرشەکە کە بەغدادی تێیدا کوژرا، زانیاریگەلی تازەمان بۆ دەردەخات سەبارەت بەو پەیوەندییانەی کە مایەی سەرنجن لەنێوان ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی ڕێکخراوی داعش و گرووپی (حراس الدين)، کە گرووپی ڕکابەرەو کۆنترۆڵی شاری ئیدلب دەکات و لە بەرەی نوسرەی پێشوو جیابۆتەوە، لە گوندێکی قووڵایی باکووری ڕۆژئاوای سووریا کە لە ژێر کۆنترۆڵی گرووپە پێکناکۆکەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدایە، بەغدادی پەنای بردۆتە بەر ماڵی ئەبو محەمەد سەلامە کە نازناوی (ئەلحەلەبی)یە و سەرکردەی گرووپێکی توندڕۆیە بە ناوی (حراس الدين) کە باڵێکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە، بۆیە چارەنووسی سەرکردەی ئەو گرووپە لە هێرشەکە و چۆنێتیی پەیوەندیی لەگەڵ بەغدادی ڕوون نییە. دەگوترێت کە ئەوەی لە هەندێ شوێن ڕوودەدات، ئەوەیە کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کە دەگوترێت ڕکابەری یەکن، دەکرێت لە هەندێ هەڵوێستی دیاریکراودا هاوکاریی یەکدی بکەن. بەڵام من بابەتەکە لە گۆشەیەکی دیکەوە دەبینم، بە شێوەیەك کە کوشتنی بەغدادی بەشێك بوو لە ئۆپەراسیۆنێکی گەورەتر و ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە هێزەکانی ئەمریکا جێبەجێیان کرد، (حراس الدين)یشی کردۆتە ئامانج، کە بە کوشتنی یەکێك لە دیارترین بەرپرسی هێزی تایبەتی سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کۆتایی هات، ئەویش ئەبو محەمەد ئەلحەلەبییە لەگەڵ ژنەکەی و پێنج منداڵی کە هەموویان کوژران. ئەبو محەمەد ئەلحەلەبی بەردەوام هەوڵی دەدا ناکۆکییەکانی نێوان (نوسرە) و (داعش) چارەسەر بکات، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ بەغدادی هەبوو. ئایا ئەمریکا هەستی بەو مەترسییە کردبوو لە ئاکامی تێکەڵبوونی هەردوو ڕێکخراوەکە بۆیە پێش ڕوودانی پەلەی لێ کرد و ئەم کارەی ئەنجام دا؟

٢. ئایا تورکیا دەستی هەبووە لە پێدانی تیشکی سەوز بە ئەمریکا بۆ کوشتنی بەغدادی و پەیوەندیی ئەمە بە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا؟ وەزیری بەرگریی ئەمریکا دەڵێت: «ئەو هەنگاوەی ترەمپ بە کشاندنەوەی



هێزەکانی ئەمریکا تیشکی سەوزی پێداین کە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین...»! ئەو قسەیە لە ناوەڕۆکدا ئاماژەی زۆر هەڵدەگرێت کە پێویستە لێیان بکۆڵینەوە.

٣. ئایا بەغدادی خۆی تەقاندۆتەوەو وەك ئەوەی ئەمریکا باسی دەکات، یان هێزە هێرشبەرەکە خۆی و منداڵەکانی و هەر دوو ژنەکەی کوشتووە؟ بە بڕوای من ئەمریکاییەکان بەغدادی و ئەندامانی خێزانەکەیان کوشتوون، ئەوەی ئەو فیلمە ببینێت کە سەبارەت بە هێرشەکە نمایشکرا، دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە من باسم کرد، بەغدادی خۆی نەتەقاندۆتەوەو سێ منداڵەکانیشی نەکوشتووە وەك باسکراوە، بەڵکو فڕۆکە هێرشبەرەکانی ئەمریکا کوشتوویانن کاتێ هەموو بینایەکەیانیان بەسەردا رووخاندوون، بە تایبەتیش کە بابەتەکە لەسەر کوشتنی منداڵ و ئافرەتە...!!

٤. لەناوبردنی بەغدادی گورزێکە تەنیا لە شێوەی کوشتنی بن لادنە کە لە سەردەمی سەرۆك باراك ئۆباما ڕووی دا، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو کارانە ڕێکەوتن و تەنیا پێش هەڵبژاردنەکانی ویلایەتی دووەمی سەرۆکایەتیی ئەمریکا ڕوودەدەن، ئەمەش پرسیاری زۆر دەربارەی ڕووداوەکە دەورووژێنێت. بە کوشتنی بن لادن و بەغدادی لاپەڕەیەك لە نهێنیی ژیانی دوو لە مەترسیدارترین تیرۆریستانی توندڕۆ دەپێچرێتەوە، بەهەرحاڵ، راگەیاندنی کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادیی سەرکردەی داعش ئامانجێکی بەهادار بوو بۆ هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، داعش ئەو ڕێکخراوە زێدە توندڕەوەی جیهان ئەو سەرکردەیەی لە دەست دا کە لە چەند مانگی رابردوودا هەوڵی دەدا خۆی ڕێك بخاتەوە و دوای ئەوەی کە دەستڕۆیشتوویی و کۆنترۆڵی خۆی لە سووریا و عێراق لە دەست دا.

بەڵێ، بەغدادی کوژرا، بەڵام کوشتنی ئەو مانای مردنی داعش نییە، دەیان چەکداری هەیە کە تا ئێستا لەبەر هەلومەرجی نادیار لە زیندانەکانی سووریا و عێراقدان، هەروەها ژمارەیەکی بێ شوماریشی لە ناوچەکەو جیهاندا هەیە کە هەوڵی بڵاوبوونەوەی هەژموون دەدەن. ئەوەی دەیڵێین ڕۆژگار پشتڕاستی کردۆتەوە، بۆ نموونە کوشتنی بن لادن نەبووە هۆی کۆتایی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ریزەکانی ڕێکخراوەکە ڕێکدەخاتەوە، هەروەها خاك و موریدانی تازە بەدەست دێنێتەوە، خاڵی لاوازی ڕژێم و دەوڵەتانی پەشۆکاو دەقۆزێتەوە تا خۆی بەهێزبکاتەوە.

**کوشتنی بن لادن نەبووە هۆی کۆتایی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ریزەکانی ڕێکخراوەکە ڕێکدەخاتەوە، هەروەها خاك و موریدانی تازە بەدەست دێنێتەوە، خاڵی لاوازی ڕژێم و دەوڵەتانی پەشۆکاو دەقۆزێتەوە تا خۆی بەهێزبکاتەوە**



## مەسعود حەیدەر

### ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی بۆ گوڵان:

# لە دوای ٢٠٠٥ ـەوە تا ئێستا بە بڕی ٤٠٠-٤٥٠ ملیار دۆلار گەندەڵی لە عێراقدا کراوە

عێراق سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣وە پارەیەکی گەورەی دەست کەوتووە کە بە ترلیۆنێك و ٧٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، کەچی لە پێشەنگ و ریزبەندی پێشەوەی وڵاتانی هەژار و دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دێت، بەشی هەرە زۆری ئەم گرفت و کێشانەش وەکو میراتییەك لە حکومەتەکانی پێشووەوە بۆ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بەجێ ماوە، کەڵەکەبوونی کێشەکان و بێ متمانەیی هاووڵاتیانی عێراقی بە سیاسییەکان و ململانێ ناوخۆییەکان و دەستێوەردانە دەرەکییەکان، دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، بە رادەیەك هاووڵاتیانی عێراق متمانەیان بە گۆڕانکارییە ئابوورییەکان نەماوە و خۆپیشاندانەکانیشیان فراوانتر و ئاڵۆزتر بووە. بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئابووریی عێراق و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار، وەك گۆڤاری گوڵان دیدارێکمان لەگەڵ مەسعود حەیدەر راوێژکاری سەرۆك بارزانی و ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق سازکرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** عێراق لە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزو خراپدایە، ئەمەش لە ئاکامی هەموو ئەو کێشە دارایی و ئابوورییانەیە کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق وەکو میراتی بۆ حکومەتەکەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی بەجێیان هێشتووە، ئایا تاچەند ئومێد هەیە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بتوانێت بەسەر هەموو ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی رابردوودا زاڵ بێت؟**

- عێراق لە دوای نووسینەوەی دەستوور و حوکمڕانیی نوێ لە ٢٠٠٥ـەوە هەلێکی زێڕینی دەستکەوت، بەڵام بە هۆی بە هەدەردانی سامانی گشتی و گەندەڵییەوە لە ١٥ ساڵی رابردوودا نەتواندرا سوود لەو داهاتە گەورەیە وەربگیرێت کە بە یەك تریلیۆن و ٧٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، ئەمەش لە لایەن بەیاناتەکانی دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی عێراقەوە سەلمێنرابوو، حوکمڕانە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ گەشەپێدانی ئابووری و نەهێشتنی هەژاری و دابینکردنی هەلی کار خاوەنی پلانێکی روونی ئابووری نەبوون، هەربۆیە تادێت رێژەی بێکاری بەتایبەتی لەناو گەنجاندا روو لە زیادبوون دەکات و سێکتەرەکانی تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزاریی دوچاری دەیان گرفت و کێشەی گەورە بوونەتەوە. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیی جووڵاندنی شەقام و فراوانبوونی خۆپیشاندانەکانە، کە لەدوای خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٣ و ٢٠١٥ وە ئەمجارە بەشێوەیەکی مەترسیدار تەقییەوە، بەتایبەتی ئەمجارە لەناو ماڵی شیعەدایە، بێگومان داواکاریی خۆپیشاندەرەکانی عێراق رەوایە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە باشکردنی باروگوزەرانی هاووڵاتیان و خێزانەکانیانەوە هەیە، ناکرێت وڵاتێکی وا دەوڵەمەندی وەکو عێراق ئەمە حاڵی بێت و رێژەی هەژاری و بێکاری بەو رێژە بەرزە بێت. گرفتە گەورەکە لەوەدایە تا ئێستا حکومەتی عێراق بۆ چارەسەری بارودۆخەکە رۆئیایەکی روون و ئاشکرای رانەگەیاندووە، بەشێکی هەرە زۆری کار و ئیجرائاتەکان کاتین و مومکین نییە بتوانن چارەسەری دۆخەکەی پێ بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووان، هەموومان دەزانین ئابووری ئەم دەوڵەتە بە پلەی یەکەم پشت ئەستوورە بەداهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو، ئەم داهاتەش داهاتێکی ناسەقامگیرە و لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا قابیلی داشکانی بەهاکەی دەکرێت، بەشی هەرەزۆری ئەم داهاتەش لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ی عێراقدا بە رێژەی ٦٠٪ی بۆ بڕگەی خەرجییەکان دەچێت، واتە ناتواندرێت کەموکورتییەکانی زۆربەی کەرتەکان پڕبکرێنەوە و کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی هەر لەو ئاستە نزمەی خزمەتگوزارییەکانیدا دەمێننەوە، بەپێی هەموو ئەو داتاو زانیارییانە بێت کە لە بودجەی ٢٠٢٠ی عێراقدا هەیە، حکومەت لەو ساڵە داراییەدا ناتوانێت چارەسەرێکی ریشەیی بۆ کێشە ئاڵۆزەکان بدۆزێتەوە و کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزاری بۆ پێشەوە ببات، دواخستنی چارەسەرکردنی کێشەکانیش گرفتێکی دیکەیە و دەچێتە پاڵ دەیان گرفتی ئاڵۆزی دیکە و چاوەڕوان دەکرێت گرفتی دیکە رووبدەن.

*** وەکو ئاماژەت پێکرد لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە پارەیەکی زۆر بۆ کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان خەرج کراوە، ئایا ئەمە بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی ناگەڕێتەوە؟**

- کەرتەکان بە شێوەیەکی گشتی پارەی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام نەك هەر رەنگدانەوەی نەبووە لەسەر پێشخستنی کەرتەکە، بگرە کێشەکان ئاڵۆزتر بوون، بۆ نموونە با باسی کەرتی کارەبا بکەین کە زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلار بۆ کەرتی کارەبا خەرج کراوە، کەچی ئەوە حاڵیەتی، بۆیە پێدەچێت زۆربەی ئەو پارانە لە گەندەڵی و گیرفانی حزب و کۆمپانیای حزبە عێراقییەکان بە هەدەر درابێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا بەپێی داتاو ژمارەکانی خودی حکومەتی عێراق تا ساڵی ٢٠١٨ بڕی ٢٠٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان ئەنجام دراوە، باشە ئەی بۆ لە راپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا کەرتی پەروەردەی ئەم وڵاتە بە خراپترین کەرتی پەروەردەی ناو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دادەنرێت؟ لە بەرامبەریشدا خەڵکی متمانەی بە حزبە عێراقییەکان نەماوە و چیتر سەبر و تەحەمولی دەسەڵاتدارانیان نییە، لەم دۆخە ئاڵۆز و خراپەشدا دەستی دەرەکیی و ململانێکانی ناوخۆ کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر قۆزتنەوەی دۆخەکە هەبووە و زیاتر شەقامی عێراقیان جووڵاند و بگرە هەندێك لە داواکاریی سیاسی و ویستی خۆیان تێکەڵ بە داواکارییەکانی خۆشگوزەرانی

**دەبێت بەغدا وەکو هەرێمێکی فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات کە هاوبەشە لە بڕیاری ئابووری و هەموو ئەو بڕیارانەی دیکەش کە لە چوارچێوەی کۆی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا دەدرێت**

**باس لەوە دەکرێت کە بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بگاتە ١٤٦ تریلۆن دینار، رەنگە ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی گفتوگۆکردن و داواکارییەکانی خۆپیشاندەران زیاد و کەم بکات، بەڵام بەو کورتهێنانەی ئێستاوە ئەگەری زۆر هەیە لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا دەنگی لەسەر نەدرێت، تا کورتهێنانەکە کەم دەکرێتەوە**

**بەپێی هەموو ئەو داتاو زانیارییانە بێت کە لە بودجەی ٢٠٢٠ی عێراقدا هەیە، حکومەت لەو ساڵە داراییەدا ناتوانێت چارەسەرێکی ریشەیی بۆ کێشە ئاڵۆزەکان بدۆزێتەوە و کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزاری بۆ پێشەوە ببات**

**زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلار بۆ کەرتی کارەبا خەرج کراوە، کەچی ئەوە حاڵیەتی، بۆیە پێدەچێت زۆربەی ئەو پارانە لە گەندەڵی و گیرفانی حزب و کۆمپانیای حزبە عێراقییەکان بە هەدەر درابێت**

**داواکاریی حزبە شیعەکان خزێنراونەتە ناو داواکاریی خۆپیشاندەرانەوە، ئەمەش ئەوەندەی دی دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، هەر بۆیە درێژەپێدانی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەڕێوەچوونی کاری بازرگانی و ئابووری رەنگدانەوەی ئەرێنی نابێت**

**ئەنجامدانی چاکسازیی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بەس نییە، بەڵکو پێویستە چاکسازی و گۆڕانکاری لە ئابووریدا بکرێت و عێراق لە وڵاتێکی بەکارهێنەرەوە بکرێتە وڵاتێکی بەرهەمهێنەر کە هەلی کاری بۆ گەنجەکان تێدا بێت و باروبژێوی خێزانە عێراقییەکان باش بکرێت**

و دابینکردنی هەلی کارو باشکردنی کەرتەکانی پەروەردەو تەندروستی کرد.

*** ئەگەر نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و لە بەرامبەریشدا رۆئیای روون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری و بژێوی خەڵکی عێراق دیار نەبێت، ئایا دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- گومانی تێدا نییە داواکاریی حزبە شیعەکان خزێنراونەتە ناو داواکاریی خۆپیشاندەرانەوە، ئەمەش ئەوەندەی دی دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، هەر بۆیە درێژەپێدانی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییانە لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەرێوەچوونی کاری بازرگانی و ئابووری رەنگدانەوەی ئەرێنی نابێت، هەروەکو چۆن لە چەند رۆژی رابردوودا بینیمان کە ژمارەیەك لە بەندەرەکانی عێراق لەکار راوەستێنران و کاریگەریی خراپی لەسەر ئابووری و داهاتی عێراق و جووڵەی بازاڕیش هەبوو.

*** ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێت حزبە سیاسییەکان و پەرلەمان و حکومەت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەن؟**

- ئەرکی سەرشانی حزبە عێراقییەکان و پەرلەمان و حکومەتیشە کە پەند و عیبرەت لە رابردوو وەربگرن و بۆ سێ ساڵی ئایندەی حوکمڕانی بەرنامەیەکی روونی ئابووری و رۆئیایەکی باشی حوکمڕانییان هەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئەنجامدانی چاکسازیی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بەس نییە، بەڵکو پێویستە چاکسازی و گۆڕانکاری لە ئابووریدا بکرێت و عێراق لە وڵاتێکی بەکارهێنەرەوە بکرێتە وڵاتێکی بەرهەمهێنەر کە هەلی کاری بۆ گەنجەکان تێدا بێت و باروبژێوی خێزانە عێراقییەکان باش بکرێت. هەمووان دەزانن کەوا ئەم وڵاتە خاوەنی چ کارگە و کارخانەیەك بووە، کە لەحاڵی حازردا لەکار راوەستاون و ساڵانە لەسەر حکومەت سێ ملیار دۆلار دەکەون، کە وەکو موچە دەیدات بەفەرمانبەرانی ئەو کارگانە، لە کاتێکدا ئەگەر کارگەکان بەگەڕ بخرێنەوە هەر هیچ نەبێت بەرهەمی ئەو کارگانە ئەو موچەو خەرجیانە دابین دەکاتەوە، ئەمڕۆ عێراق زۆر لە سێکتەرە بەرهەمهێنەکانی تێدا فەرامۆش کراوە، ئەوەتا عێراق لە دەوڵەتێکی کشتوکاڵییەوە بووەتە دەوڵەتێکی هاوردەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئەم وڵاتە پێویستی بەوە هەیە کە دەستی حزب و میلیشیا شیعەکانی لێ دەربهێندرێت، بەتایبەتی لە کاروباری حکومەت و کایە ئابوورییەکاندا، هاووڵاتی عێراقیش پێش هەموو کەسێك ئەو راستییە دەزانێت کە هەموو ئەم خواست و ویستانە پێویستی بە بریاری سیاسی هەیە و ئومێدەوارین حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بتوانێت دڵنیاییەك بە شەقامی عێراقی بدات، بەوەی حکومەتەکەی جدییە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەنجامدانی چاکسازی.

*** ئایا جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەت بە خۆپیشاندەرانی دەدات، ئەوەندەی دیکە بارگرانیی لەسەر باری ئابووری و بودجەکەی حکومەت دروست ناکات کە خۆی لەخۆیدا لە حاڵەتی کورتهێنانداییە؟**

- لەو داهاتەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە خەرج کراوە و بە یەك تریلیۆن و ٧٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، ئەگەری ئەوە هەیە ٤٠٠-٤٥٠ ملیار دۆلاری دزرا بێت و بە هەدەر درابێت، ئەگینا چۆن ٢٠٠ ملیار دۆلار لە وەبەرهێنان بە گەڕدەخرێت و ئەمەش حاڵی گوزەرانی ژیانی خەڵکەکەیەتی؟ لە لایەکی دیکەشەوە زیاد لە ١٠٠ ملیار دۆلار کە زیادەی پارە بووە لە بودجەی عێراقدا دیار نییە، ئەگەری ئەوەش هەیە تەنیا لە مەزادی دراودا زیاتر لە ٢١٠ ملیار دۆلار بە وسووڵاتی ساختە چووبێتە دەرەوەی وڵات، هەموو ئەمانە گەندەڵی و بێسەروبەریی حکومەتەکانی پێشووە و کەسی عادل عەبدولمەهدی بەرپرسیار نییە لەم هەموو گەندەڵی و بەهەدەردانەی دارایی گشتی، ئەوە حزبە سیاسییەکان و حکومەتەکانی پێشووە دەستیان تێیدا هەبووە، کەچی ئێستا ئەوان رووبەڕووی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەبنەوە. منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان کارێکی ئاسان نییە، ئەمە وێڕای ئەوەی بە دامەزراندنی تەنیا ١٠ هەزار کەسێك و کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بۆ ٦٠ ساڵ و دەرکردنی یاسایەك بۆ کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئارەزوومەندانە بۆ ٤٥ ساڵ ئەمە چارەسەری ریشەیی و بنەڕەتیی ئابووری نین و تەنیا چارەسەرێکی کاتییە، چارەسەری ئابووری بە دانانی پلان و بەرنامەی ئابووریی کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەن دەبێت، چارەسەر بە دوورخستنەوەی هەیمەنەتی دەسەڵاتی حزبی دەبێت لە ناو کایەی حوکمڕانی و دامەزراوەکانی حکومەتدا، ئەو کات ئەو حکومەت دەتوانێت حکومەتی هاووڵاتی بێت و متمانەی خەڵکی بە دەست

بهێنێتەوە، بەوەی لە ماوەی ٤-٨ ساڵی داهاتوودا کاریگەرییەکانی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵك و بەرزکردنەوەی ئەدای دامەزراوەکانی حکومەت و باشکردنی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی دەبێت، حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و زۆر لە شارەزایان و چاودێرانی عێراقیش ئەو حەقیقەتە دەزانن، کە کێشە ئابوورییەکانی عێراق زۆر لەوە گەورەترو ئاڵۆزترن کە بەچەند ئیجرائاتێکی کاتی چارەسەر بکرێن، تەنیا بە گەڕانەوەی متمانەی سیاسی بۆ هاووڵاتیانی عێراق بە ئاسانی سەقامگیری لە وڵاتدا دروست دەبێت، بەڵام ئەمەش پێویستی بە تەوافوقی سیاسی هەیە لە نێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق بە کوردو شیعە و سوننەوە.

*** یەکێك لە کێشە گەورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ئابووری و داراییە، پێش هەڵگیرسانی خۆپیشاندانەکانیش هەردوولا هەنگاوی باشیان نابوو، ئایا ئێستا لە چوارچێوەی ئەم بارودۆخە نوێیەدا ئایندەی چارەسەری ئەو کێشانە بەکوێ دەگات؟**

- رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوا لێدوانیدا ئاماژەی بەو کێشانەی نێوان هەرێم و بەغدا کرد، کە یەکێکیان بابەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە و بابەتێکی دەستوورییە، بەڵام لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئەم ناوچانە بە دۆخێکی نائاسایی و نایاساییدا تێپەڕبوون و گفتوگۆو دانیشتنەکانی نێوان هەردوولا قۆناغی باشیان بڕی، بەڵام هەڵگیرسانی خۆپیشاندانەکان تا رادەیەك ئەم بابەتەی راگرتووە، هەرچۆنێك بێت مادام لێکتێگەیشتن و ئیرادە لەنێوان هەردوو حکومەتدا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراق، بێگومان ئەو کێشانە بەرە و چارەسەرکردن دەچن، هەرچی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشەوە هەیە کە بەشێکن لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق، ئەوا بەپێی ئەو حاڵەتە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بۆ دۆسێی نەوتیش هەردوو لا بۆ چارەسەرکردنی ئیرادەی سیاسییان هەیە، رەنگە ئەم مەسەلەیە کەمێك پێویستی بە تەنازولات و لێکتێگەیشتنی زیاتر هەبێت، بۆ ئەوەی هەردوو لا چییان لەسەرە و چ مافێکیشیان هەیە بخرێتەڕوو، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤وە بودجەی بڕاوە و بەرەنگاربوونەوەی داعشی کردووە و زیاتر لە دوو ملیۆن پەناهەندە و ئاوارە رووی تێ کردووە، کە بارگرانییەکی زۆر بووە لەسەر حکومەت، بە رادەیەك لە ٣٠٪ی قورسایی کەوتۆتە سەر بودجەکەی، هەر بۆیە بەغدا دەبێت ئەو لێکتێگەیشتنەی هەبێت و ناکرێت وەکو پارێزگایەك مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکرێت، دەبێت بەغدا وەکو هەرێمێکی فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات کە هاوبەشە لە بڕیاری ئابووری و هەموو ئەو بڕیارانەی دیکەش کە لە چوارچێوەی کۆی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا دەدرێت. بەشێوەیەکی گشتی من گەشبینم بەوەی لە ساڵی ٢٠٢٠ دا رێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدا دەکرێت، مادام لێکتێگەیشتن و ئیرادەی سیاسی لە نێوان هەردوولا دا هەیە، تەنانەت لە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقدا هیچ کێشەیەك دروست نابێت و هەرچی کێشەکانی دیکەی تەسوییە حیساب و قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بە قۆناغبەندێتی بەرەو چارەسەرکردن دەچێت.

*** لە سەرجەم پڕۆژە یاساکەی بودجەدا رەخنەی زۆر هەیە، ئەمانەش دەرئەنجام کاریگەرییان لەسەر پشکی هەرێم و بارودۆخی دارایی عێراق بەگشتی دەبێت، ئایا هیچ چاکسازییەك لە بودجەکەدا دەکرێت، تاوەکو کورتهێنانەکەی کەم بکرێتەوە؟**

- لەو رۆژانەدا دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێرقدا کۆبوونەوە و پرسی پڕۆژە یاسای بودجەیان تاوتوێ کرد، لە دوازانیارییدا باس لەوە دەکرێت کە بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بگاتە ١٤٦ تریلۆن دینار، رەنگە ئەم ژمارەیە لە ئەنجامی گفتوگۆکردن و داواکارییەکانی خۆپیشاندەران زیاد و کەم بکات، بەڵام بەو کورتهێنانەی ئێستاوە ئەگەری زۆر هەیە لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا دەنگی لەسەر نەدرێت، تا کورتهێنانەکە کەم دەکرێتەوە، هەربۆیە لە ئێستادا حکومەت سەرقاڵی ئەوەیە ئەو کورتهێنانە کەم بکاتەوە، بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ی عێراق بەهەمان میکانیزمی بودجەی ساڵی ٢٠١٩ عێراق دادەڕێژدرێت و دەنووسرێتەوە، رەنگە لە دوو سێ ساڵی داهاتوودا گۆڕانکاریی لەو بودجەیەدا بکرێت، لەبەر ئەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی و قەرزە گشتییەکان نەخشە رێگایەکی دارشتووە بۆ بودجەی عێراق لە داهاتوودا.

**زیاد لە ١٠٠ ملیار دۆلار کە زیادەی پارە بووە لە بودجەی عێراقدا دیار نییە، ئەگەری ئەوەش هەیە تەنیا لە مەزادی دراودا زیاتر لە ٢١٠ ملیار دۆلار بە وسووڵاتی ساختە چووبێتە دەرەوەی وڵات**

**چارەسەری ئابووری بە دانانی پلان و بەرنامەی ئابووریی کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەن دەبێت، چارەسەر بە دوورخستنەوەی هەیمەنەتی دەسەڵاتی حزبی دەبێت لە ناو کایەی حوکمڕانی و دامەزراوەکانی حکومەتدا، ئەو کات حکومەت دەتوانێت حکومەتی هاووڵاتی بێت و متمانەی خەڵکی بە دەست بهێنێتەوە**

**حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و زۆر لە شارەزایان و چاودێرانی عێراقیش ئەو حەقیقەتە دەزانن، کە کێشە ئابوورییەکانی عێراق زۆر لەوە گەورەترو ئاڵۆزترن کە بەچەند ئیجرائاتێکی کاتی چارەسەر بکرێن**



ڕێبوار هادی

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# جاری دیکەش هەوڵی هەموارکردنی دەستووری عێراق دراوە، بەڵام ئاکامی نەبووە و لەوانەیە هەوڵی ئەمجارە هەر بەو شێوەیە بێت

**عێراق کەوتۆتە بارودۆخێکی هێندە ئاڵۆز و شڵەژاوەوە کە لایەنە کوردستانییەکان بێجگە لە یەکڕیزی و یەکدەنگی هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە، بۆ ئەم مەبەستەش جیا لە کۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتیی (هەرێم، حکومەت، پەرلەمان) سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبۆتەوە و هەموو لایەنەکانیش لەم قۆناخەدا یەکڕیزی و یەکدەنگی بە گرنگ و پێویست دەزانن، هەروەها هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی تێکڕای فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی فراکسیۆنی کوردستانیدا هاوپەیمانێتییەک پێک بهێنن، بۆ ئەوەی بە یەکدەنگی رووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببنەوە کە لە میانەی پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق ئێستا لە پەرلەمانی عێراقدا کاری بۆ دەکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ رێبوار هادی سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەك ئاشکرایە خۆپیشاندانەکانی عێراق گەیشتوونەتە ئاستێکی هێندە ئاڵۆز کە زۆر لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت، جگە لەوەش چەند فراکسیۆنێکی ناو پەرلەمانی عێراق ئەم پرسەیان بە تەواوی کردۆتە سیاسی و بەنیازن لەم رێگەیەوە ئامانجەکانی خۆیان بەدی بێهنن، ئێمە دەزانین رووی دەرەوەی خۆپیشاندانەکان نەهامەتییەکانی خەڵك و نەبوونی خزمەتگوزارییە، بەڵام ئایا جەنابت رووە سیاسییەکانی لەناو پەرلەمانی عێراق چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- خۆپیشاندەران لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا داوای چاکسازی و هەلی کار و بنبڕکردنی گەندەڵی دەکەن، نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی رێگاوبان و کارەبا و ئاو لە دوای ١٦ساڵ حوکمڕانی، وایکردووە نارەزایی خەڵك گەیشتۆتە ئاستێك کە هاتوونەتە سەر شەقامەکان و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، دەستووری عێراقیش لە ماددەی ٣٨دا رێگای بە خەڵك داوە خۆپیشاندان بکەن، ئێمە پێمانوایە ئەو خۆپیشاندانانەی عێراق رەوان و هەقی خەڵکە، بەڵام خەڵکیش دەبێت بە شێوەیەك خۆپیشاندان بکات کە زەرەر بە موڵکی گشتی و ماڵی خەڵك نەگەیەنێت و خۆپیشاندانەکان نەبنە رێگر و کاریگەری لەسەر دەوامی دامودەزگا و فەرمانگە حکوومییەکان دروست نەکەن، لەسەر حکومەتیش پێویستە پارێزگاری لە خۆپیشاندەران بکات و رێزیان لێ بگرێت، نابێت توندوتیژی لە دژیان بەکاربهێندرێت، بەڵام هەموو خۆپیشاندانێك وا رێك دەکەوێت کە کۆمەڵێك خەڵك ئەجێندای سیاسیی خۆیان تێکەڵ بە خۆپیشاندان بکەن، تاوەکو بتوانن هەندێك بەرژەوەندیی تاکەکەسی و سیاسیی خۆیان لە خۆپیشاندانەکان بەدەست بهێنن، ئەو خۆپیشاندانەی ئەمجارەی عێراقیش هەروای لێ هات، ئەوەتا هەندێك لایەنی سیاسی دوور لە داوای خۆپیشاندەران داوای هەموارکردنەوە و زیادکردنی هەندێ ماددە و بڕگەی دەستوور دەکەن، بۆ بەرژەوەندیی لایەنێك لەسەر حیسابی حزبی و لایەنێکی دیکە، ئەمەش ئیستیغلالکردنی خۆپیشاندانەکانە تاوەکو لەپاڵ خۆپیشاندانەکان بتوانن هەندێك دەستکەوتی سیاسی بەدەست بهێنن، بۆیە ئەو داواکارییانەی وەك هەموارکردنەوە و بابەتی دیکە داواکاریی خۆپیشاندەران نین، بەڵکو داواکاریی لایەنی سیاسین.

*** ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێیدا تێپەڕ دەبێت، زۆر ئاڵۆز و ناسەقامگیرە، دیارە پەرلەمان ئێستا سەرقاڵی دەرکردنی چەند یاسایەك و دامەزراندنی ئەنجومەنێکە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، تاوەکو ئەو بارودۆخە تێپەڕێنێت، ئایا وەك پەرلەمانتارێك پێت وایە بە دەرکردنی چەند یاسایەك ئەم بارودۆخە هێور ببێتەوە؟**

**کۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەن و حزبە کوردستانییەکان کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دا، موبادەرەیەکی زۆر باش و گرنگ بوو بۆ دروستکردنی یەکدەنگیی کوردستانییان**

**ئەو خۆپیشاندانانەی عێراق رەوان و هەقی خەڵکە، بەڵام خەڵکیش دەبێت بە شێوەیەک خۆپیشاندان بکات کە زەرەر بە موڵکی گشتی و ماڵی خەڵک نەگەیەنێت**

**هەندێک لایەنی سیاسی دوور لە داوای خۆپیشاندەران داوای هەمواركردنەوە و زیادكردنی هەندێ ماددە و برگەی دەستوور دەكەن، بۆ بەرژەوەندی لایەنێک لەسەر حیسابی حزبی و لایەنێكی دیكە، ئەمەش ئیستیغلالكردنی خۆپیشاندانەكانە تاوەكو لە پاڵ خۆپشاندانەكان بتوانن هەندێک دەستكەوتی سیاسی بەدەست بهێنن**

- لەسەر حكومەتی عێراق پێویستە ئەو داواكارییانەی خۆپیشاندەران هەیانە جێبەجێیان بكات، لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانیش پێویستە ئەو داواكارییانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی تایبەتمەندی پەرلەماندایە، كاری لەسەر بكات، بەتایبەتی كە هەندێك لە كێشەكان، كێشەی یاسایین و پێویستیان بە تەشریع هەیە و دەبێت یاسای بۆ دەربچێت، ئێستا یەكێك لەو یاسایانەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كاری لەسەر دەكرێت، یاسای خانەنشینە، ئەمە یەكێكە لەو داواكارییانەی كە خۆپیشاندەران هەیانە و راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەڵك و خۆپیشاندەرانەوە هەیە. سەبارەت بە دروستكردنی ئەنجومەنێك بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور ئەمە پەیوەندی بە لێژنەی یاساییەوە نییە، بەڵام بەپێی ماددەی ١٤٢ سەرەتای خولی هەڵبژاردن لێژنەیەك پێك دەهێندرێت، بۆ ئەوەی بەدەستووردا بچێتەوە و ئەو داواكاری و پێشنیارانەی هەیە، لە خولێكی دیكەی ئەنجومەنی نوێنەراندا بخرێتەڕوو، هەرچەندە لە خولی یەكەم و دووەم و سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو لیژنەیەیان پێك هێنا، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك و ئێستاش لە خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو لیژنەیەیان دروستكردۆتەوە، بۆ ئەوەی گۆڕانكاری و داواكاری و پێداچوونەوەكانی سەر دەستوور ئامادە بكەن، پاشان بیدەنە سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆكی پەرلەمانیش لە پەرلەماندا دەیخاتە دەنگدان، ئەگەر ١٦٦دەنگی هێنا، ئینجا دەدرێتە دەنگدانی جەماوەری، لەو كاتەدا ئەگەر دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا رەتی نەكردەوە، ئەوا هەموار و پێشنیارەكان لە سەر دەستوور تێدەپەڕێت.

*** وەك ئاشكرایە هەر سێ سەرۆكایەتییەكەی هەرێم كۆبوونەوە، هەروەها سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش لەگەڵ هەموو حزبە سیاسییەكانی كوردستان كۆبوونەوە، بە تێكڕا هەمواركردنەوەی دەستووری عێراقیان رەت كردەوە و جەختیان لە سەر ئەوە كردەوە، كە نابێت ماف و ئیمتیازەتەكانی خەڵكی كوردستان دەستكاری بكرێن، بەپێی ئەوەی ئێوە لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراقن، وردەكاریی پرسی هەمواركردنەوەی دەستوور چییە؟ ئایا بە پێی ئەو میكانیزمانە هەموار دەكرێتەوە كە لە دەستوورەكەدا هەیە؟**

- بێگومان ئێمە وەك كورد پێویستمان بە یەكدەنگی هەیە، بۆ ئەوەی لە دانیشتەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەركەوتوو بین، چونكە لە دانیشتن و گفتوگۆكانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران بە یەكدەنگی كاریگەریمان لەسەر لایەنەكانی دیكەی ناو ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت و هەر بە یەكدەنگیش زامنی دوو لەسەر سێی پارێزگا دەكەین، ئەو كۆبوونەوەیەی هەر سێ سەرۆكایەتییەكەی هەرێمی كوردستان لەگەڵ هەموو لایەن و حزبە كوردستانییەكان ئەنجام درا، موبادەرەیەكی زۆر باش و گرنگ بوو، كە جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كردی، بۆ ئەوە بوو كە لە هەرێمی كوردستان یەكدەنگی دروست بكەن، لایەنە سیاسییەكانیش هەموویان ئامادەیی خۆیان نیشاندا كە بە یەكەوە كار بكەن بۆ یەكدەنگی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چونكە یەكدەنگیی كورد لە بەغدا كاریگەریی لەسەر لایەنەكانی دیكەی عێراق دەبێت و بە یەكدەنگی دەتوانین داواكارییەكانمان جێبەجێ بكەین، سەبارەت بە وردەكاری لەسەر هەمواركردنەوەی دەستوور تا ئێستا هیچ شتێك دیار نییە و هیچ كۆبوونەوەیەكیش بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام نەدراوە، تاوەكو بزانین چ برگە و ماددەیەكی دەستوور هەموار دەكرێتەوە، بەڵام لە كۆبوونەوەكانی داهاتوو وردەكارییەكان دەردەكەون، چونكە لە كۆبوونەوەی فەرمیی هەر لایەنێك گۆڕانكاری و ئیقتراحاتی خۆی لەسەر دەستوور پێشكەش دەكات.

*** ئێستا باس لە پێكهێنانی هاوپەیمانیی فراكسیۆنی كوردستانی لە ناو پەرلەمانی عێراق دەكرێت، ئایا هەنگاوەكان بۆ دروستكردنی ئەم هاوپەیمانییە گەیشتۆتە كوێ و تاچەند ئەو زەمینەیە لەبارە بۆ ئەوەی فراكسیۆنە كوردستانییەكان بە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست لە ناو هاوپەیمانێتییەكدا داكۆكی لە مافەكانی گەلی كوردستان بكەن؟**

- بێگومان پێویستە هەموو كاتێك بە تایبەتی ئێستا لە كاتی هەمواركردنەوەی

**یەكێك لەو یاسایانەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كاری لەسەر دەكرێت، یاسای خانەنشینە، ئەمە یەكێكە لەو داواكارییانەی كە خۆپیشاندەران هەیانە و راستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی خەڵك و خۆپیشاندەرانەوە هەیە**

دەستوور، هەموو لایەنە کوردییەکان لە بەغدا یەکدەنگ بن، تاوەکو لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە بڕیارەکاندا سەرکەوتوو بین و جەماوەری کوردستانیش هەر ئەوەمان لێ چاوەڕوان دەکەن، کە بەو یەکدەنگییە دەتوانین زۆرترین مافەکانی کورد بەدەست بێنین، هەر بۆیە ئەم ماوەیە کە لەنێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا دانیشتن و گفتوگۆ هەبووە، بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنی کوردستانی ئەو بیرۆکەیە هی هەموو لایەنەکانە و زۆربەی لایەنە کوردییەکانیش پەسندی دەکەن.

*** بە هۆی ئەم بارودۆخەوە هەموو شتێك لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا راگیراوە، تەنانەت پرۆژەیاسای بودجەی ٢٠٢٠یش راگیراوە، ئێستا هەندێك باس لەوە دەکەن لەوانەیە ئەم بارودۆخە کاریگەریی لەسەر مووچەی فەرمانبەران و میزانییەی کوردستانیش هەبێت، ئایا لە رووی یاساییەوە چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەن و ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە تا چەند مەترسی لە سەر مووچەی فەرمانبەران دروست دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە بارودۆخی عێراق راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر کوردستان هەیە، چونکە بەغدا قووڵایی ستراتیژی ئێمەیە لە رووی ئیداری و سیاسی و ئابوورییەوە، بۆیە تێکچوونی بارودۆخی عێراق کاریگەریی لەسەر خراپبوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەبێت، وەکو ئەوەی کە دەبینین، بە هۆی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییانەی خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و باشوور عێراق بە شێوەیەك تێکچووە، کاریگەریی خراپی کرۆدتە سەر باری ئابووری و بودجەی عێراق، بۆ نموونە: لە چەند رۆژی رابردوودا لە بەندەرەکانی خواروو لە ئوم قەسر و ئەوانی دیکە خۆپیشاندەران رێگا و بەندەرەکانیان داخست و نەیانهێشت کەلوپەل و کاڵا هاوردە و هەنارده بکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی داهات دروست دەکات و راستەوخۆ دەبێتە هۆکارێك کە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بودجەی عێراق دروست بکات، لە کاتێکدا بودجەی عێراق کەم بۆوە، ئەوە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوە و خراپبوونی بودجە و باری دارایی هەرێمی کوردستانیش دەبێت. سەبارەت بە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ تا ئێستا نەهاتۆتە ئەنجومەنی نوێنەران، بۆیە نازانین وردەکارییەکانی چییە و چی لە خۆ گرتووە، هەرکاتێك هاتە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو کات سەرنج و قسەی خۆمان دەبێت.

*** هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بڕیارێکی دیکەی پەرلەمانی عێراقە، ئایا دەکرێت پەرلەمان ئەو ئەنجومەنانە هەڵبوەشێنێتەوە پێش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئەنجومەنی تازە بۆ پارێزگاکان هەڵبژێرێت؟**

- نەخێر، لە رووی دەستوورییەوە ناکرێت بە بڕیارێك ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەوە پێچەوانەی ماددەی ١٢٢ی دەستوورە، ئەگەر لە رووی یاساییەوە باس لە شێوازی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکەین، ئەوە لە یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ لە ماددەی ٢٠ باس لەوە دەکات، ئەگەر بتەوێت ئەنجومەنی پارێزگایەك هەڵبوەشێنیتەوە، ئەوە پێویستە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکە دەنگی لەسەر بدەن، یان پارێزگاری ئەو پارێزگایە داواکارییەك پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات و ئەنجومەنی نوێنەرانیش بە زۆرینەی دەنگ ئەو ئەنجومەنی پارێزگایە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەگەر هاتوو پێچەوانەی دەستوور بێت، یان یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکە شەرعییەتی ئەندامێتییان لە ئەنجومەنەکە لەدەست دابێت و هەر ئەنجومەنی پارێزگایەکیش بە جیاجیا دەتوانرێت هەڵبوەشێندرێتەوە، نەك وەك ئەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە بڕیارێك ١٥ ئەنجومەنی لە پارێزگاکانی عێراق هەڵوەشاندەوە، ئەمە یاسایی نییە و پێچەوانەی دەستوورە و هەر بۆیە لایەنەکانی عێراقی لەو بڕیارەدا زەرەریان کردووە و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان سکاڵایان دەبێت، دادگاکانی ئیداری لە عێراق تایبەتمەندە بەو جۆرە سکاڵاو داوایانە و دەرئەنجامی بڕیاری دادگاش لە بەرژەوەندیی ئەوانە دەبێت کە سکاڵایان لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەیە. چونکە شێوازو بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواو و یاسایی نییە.

**تێکچوونی بارودۆخی عێراق کاریگەریی لەسەر خراپبوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەبێت، وەکو ئەوەی کە دەبینین، بە هۆی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییانەی خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و باشوور عێراق بە شێوەیەک تێکچووە، کاریگەریی خراپی کرۆدتە سەر باری ئابووری و بودجەی عێراق**

**ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە بڕیارێک ١٥ ئەنجومەنی لە پارێزگاکانی عێراق هەڵوەشاندەوە، ئەمە یاسایی نییە و پێچەوانەی دەستوورە و هەر بۆیە لایەنەکانی عێراقی لەو بڕیارەدا زەرەریان کردووە و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان سکاڵایان دەبێت**


ستیفن سیمباڵا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا ستەیت و وانەبێژ و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و فیکری سیاسی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەتایبەتی هەلومەرجی سووریا دوای بڕیاری ئیدارەی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە سووریا و پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە بە گشتی، دەقی دیمانەکە لێرەدا بڵاودەکەینەوە.

## ستیفن سیمباڵا

### پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# هیچ رۆماننووسێک ناتوانێت بە خەیاڵیش دۆخی ئاڵۆزی سووریا وێنا بکات

## دیمانەی تایبەت



*** هەروەك ئاشكرایە كە شڵەژان و پشێوییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامن و ئەم ناوچەیە بۆ ڕۆژگارێكی دوورودرێژە گرفتارە بە دەست قەیران و ئاڵۆزییەكانەوە، بەڵام هەندێ وڵاتی دەرەكی هەن كە دەستڕۆیشتوویی‌یەكی زۆریان هەیە لەم ناوچەیەدا وەك ئەمریكا، پرسیارەكە ئەوەیە ئێوە چۆن لە سیاسەتی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا دەڕوانن؟**

- شتێكی ناكۆكیهەڵنەگرە كە بارودۆخەكە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بارێكی جێگیردا نییە، ئەوەتا پێشهات و دووبارە ڕێكخستنەوە و هەڵوێستەكان بەدی دەكەین لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە، ئەوەشی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەكان لەو وڵاتەدا بە ئاراستەیەكن كە ئاماژەن بۆ ئەوەی ڕووسیا ڕۆڵێكی گەورەتر و باڵاتر ببینێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، كە ڕۆڵ و هەوڵەكانی ڕووسیاش پێكهاتوون لە دیپلۆماسیەتێكی باش ڕێكخراو لەگەڵ دەستەبەركردنی هاوكارییەكی سەربازیی سنووردار لە سووریا. بەڵام ئێمە ناتوانین بە دیاریكراوی ئەوە دەستنیشان بكەین كە ئەو پەرەسەندنانە بۆ چ دەرئەنجامێك سەردەكێشن.

*** ئەی بە دیاریكراوی خوێندنەوە و شرۆڤەكاری ئێوە بۆ بڕیاری ئەم دواییە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سەبارەت بە كشانەوەی هێزەكانی وڵاتەكەی لە سووریا چییە؟**

- ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەم بڕیارە و بە دەرئەنجامەكانیەوە، ئەوا بە پێچەوانەی زۆرێك لەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییانە كە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بڵاودەبنەوە، من پێم وانییە ئەمریكا دەستی كردبێت بە پرۆسەیەكی

**ئەوەی ئەمریكا كردوویەتی بریتیە لە پرۆسەیەكی تاكتیكی كە ئەم پرۆسەیەش دووبارە ڕێكخستنەوە و دابەشكردنەوەی هێزەكانی لە سووریا و عێراق لە خۆگرت**

گەورە و بەرفراوانی پاشەکشەکردن و کشانەوە لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵکو ئەوەی ئەمریکا کردوویەتی بریتییە لە پرۆسەیەکی تاکتیکی کە ئەم پرۆسەیەش دووبارە ڕێکخستنەوە و دابەشکردنەوەی هێزەکانی لە سووریا و عێراق لە خۆگرت.

*** بەڵام هەروەك ئێوە دەزانن کێشەکانی ئەم ناوچەیە زۆرن، بەتایبەتی کێشەی گرووپە تیرۆریستییەکان و بە دیاریکراوی مەترسی و هەڕەشەی داعش، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هێشتا مەترسیی داعش لە ناوچەکەدا کۆتایی نەهاتووە و هێشتا ئەمریکاش چەندین پابەندبوون و ئەرکی دیکەی هەیە لە ناوچەکەدا، لەم ڕوانگەیەوە من بە ئەندازەی هەندێ کەس ڕەشبین نیم لە ئاست بارودۆخەکەدا، مەبەستم ئەوەیە من ڕەشبین نیم لە ئاست بڕیاری ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و سووریا و هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا بۆ ئەوەی زۆنێکی ئەمنی لە ناوچە کوردییەکانی نێو سووریا دروست بکات، واتە من پێم وانییە ئەمە ئاماژە بێت بە کشانەوەیەکی گەورەی ئەمریکا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** کەواتە ئێوە چۆن وەسفی ئەو بڕیارە دەکەن؟**

- پێم وایە ئەمە بڕیارێکی تاکتیکی و کورتخایەنە، لەبەر ئەوەی هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەیەکی زۆری هێز و بنکەی سەربازی هەیە لە ناوچەکەدا، لەوەش زیاتر سیستمی هەڵدانی مووشەکی دوورمەودای هەیە لە ناوچەکەدا کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت، ئەگەر ناچار بوو.

*** بەڵام ئەم بڕیارەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کاردانەوە و پەرچەکرداری ناوخۆیی بە دوای خۆیدا هێنا، ئێوە چۆن لەم دابەشبوون و هەڵوێستە جیاوازانەی نێو ئەمریکا دەڕوانن؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- لە ڕاگەیاندن و نێوەندە سیاسییەکان بە دیموکراتی و کۆمارییەکانەوە- بەدی دەکرێت و کاردانەوەیان هەبووە لە ئاست بڕیاری ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بۆ کێشانەوەی هێزەکان لە هەندێ ناوچەی ناپارێزراودا لە سووریا. چونکە دوایین کارێك کە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا بیانەوێت دوچاری بن، گیرخواردنیانە لە نێوان شەڕی کورد و تورکیادا، بۆیە بە تێڕوانینی من بڕیارێکی تاکتیکی درا لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەلامەتی هێزەکانمان بۆ ئەوەی لە ئاگری ئەو شەڕە دوور بخرێنەوە.

*** باشە لەنێو هەموو ئەم ئاڵۆزی و پشێوییانەدا پێت وایە لە ئێستادا دۆخەکە لە چ بارێکدایە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتی سووریاوە؟ ئایا پێت وایە کێشەکان بەرەو خاوبوونەوە دەچن، یان ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە دۆخەکە بتەقێتەوە و شەڕ و ناسەقامگیری لەو وڵاتەدا درێژە بکێشێت؟**

- من پێم وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تا چەند دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشبینی نەکراوە و بە ڕەوچاوکردنی ئەو ڕکابەری و ململانێ ئیقلیمییەی لە ئارادایە لەم ناوچەیەدا- بۆ نموونە لەنێوان ئێران و سعودیە- و لەگەڵ نادیدەنەگرتنی ئەو هەموو دەستێوەردانەی لە دۆخی سووریادا دەکرێت، بوونی ڕژێمی ئەسەد و دەستێوەردانی تورکیا و بوونی وەکیلەکانی ئێران لەو وڵاتەدا، هەروەها هەندێ لە هێزەکانی ئەمریکا کە هێشتا لەو وڵاتەدان، لەگەڵ بوونی گرووپە ئیسلامییە یاخیگەرەکان- گرووپەکانی هاوشێوەی ئەلقاعیدە- کە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد شەڕ دەکەن، ئەوا دەتوانین بڵێین هەلومەرجی سووریا بە ڕادەیەکی گەورە ئاڵۆز و ناڕوونە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە پێدەچێت ڕەوتی ڕووداوەکان لە بەرژەوەندیی ئەسەددا بێت، چونکە سەرقاڵی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی نزیکەی تەواوی خاکی وڵاتەکەیەتی.

*** باس لەوە دەکرێت ئەم بڕیارەی ئەمریکا لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا گومان لەسەر ئەمریکا دروست دەکات وەك هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراو؟**

- نەخێر من پێم وانییە ئەمە بە هیچ شێوەیەکی کاریگەری هەبێت لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی

**ئەمریکا ژمارەیەکی زۆری هێز و بنکەی سەربازی هەیە لە ناوچەکەدا، لەوەش زیاتر سیستمی هەڵدانی مووشەکی دوورمەودای هەیە لە ناوچەکەدا کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت، ئەگەر ناچار بوو**

**سەبارەت بە شەڕی کورد و تورکیا، بە تێڕوانینی من ئەمریکا بڕیارێکی تاکتیکی دا لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەلامەتی هێزەکانمان بۆ ئەوەی لە ئاگری ئەو شەڕە دوور بخرێنەوە**

**ئەمە دۆخێکی دەگمەنە و واشنتۆن بێزار بووە لەوەی ئیدارەی ورد و درشتی دەرئەنجامە سیاسییەکە بکات لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە**

متمانەپێکراو و باوەڕپێکراو، دواتر ئەمە دۆخێکی دەگمەنە و ئێمەش دەزانین واشنتۆن بێزار بووە لەوەی ئیدارەی ورد و درشتی دەرئەنجامە سیاسییەکە بکات لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا- بە دڵنیاییەوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە-، چونکە ئەمە بەدەرە لە توانای ئەمریکا. دواتر دەبێت ئەمریکا هاوپەیمانەکانی وەك ئامرازێکی دەستڕۆیشتووی کاریگەر بەکار بهێنێت و ناکرێت هێزە سەربازییەکانی بڵاو بکاتەوە و بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی جیهان بەکاریان بهێنێت.

*** بە تێڕوانینی ئێوە باشترین ڕێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزی سووریا چییە؟**

- ئێمە دەزانین کێشەی سووریا لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسییە و دەبێت چارەسەرێك بدۆزرێتەوە کە لە یەك کاتدا سەرجەم نیگەرانیی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبەرچاو بگرێت، وەك ڕژێمی ئەسەد و ئەو موعارەزەیەی لە وڵاتەکەدا ماوە، هەروەها ئێمە دەزانین کە پرۆسەی ئەستانە بەو ئاراستەیە کاری کرد، ڕووسیا و ئێران تورکیا هەوڵیاندا بگەنە ڕێککەوتنی سەرەتایی لەبارەی ئەو چارەسەرەوە. بە دڵنیاییەوە یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە ئایا هەر چارەسەرێکی سیاسی خۆی لە خۆیدا مەرجی دەستەبەرداربوونی دەسەڵات لەلایەن بەشار ئەسەدەوە لەخۆدەگرێت، یان نا؟ ئەوەتا ئەمە دەبێتە بابەتی گفتوگۆکردن، ئەمە پرسێکە دەبێت یەکلا بکرێتەوە ئەگەر بێتو هەنگاو بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی هەڵبگیرێت.

*** بەڵام ئێمە دەزانین دەستێوەردانێکی زۆری دەرەکی لە سووریادا کراوە، ئایا پێت وایە ئەم دەستێوەردانانە گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی لەو وڵاتەدا ئاسان دەکات، یان ئاڵۆز و دژواری دەکات؟**

- ئەوە ڕاستە دەستێوەردانێکی زۆری دەرەکی لە سووریادا کراوە، یەکێك لە مەسەلەکان یان کێشەکانی دیکەش ئەوەیە کە ئایا ئەو هێزە دەرەکییانەی دەستێوەردانیان کردووە لە سووریا (ڕووسیا، ئەمریکا، ئێران و تورکیا) دەیانەوێت ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات و دەیانەوێت چ دەرئەنجامێك لەو وڵاتەدا بێتەدی؟ ئایا دەیانەوێت بە جۆرێك لە جۆرەکان کۆنترۆڵیان بەسەر خاکی وڵاتەکەدا هەبێت، یان خوازیاری ئەوەن ناسەقامگیری و کێشە لەو وڵاتەدا هەبێت بۆ ئەوەی حکومەتەکەی ئەسەد نەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت؟ ڕاستە ڕووسیا هەڵوێست و دیدگایەکی ڕوونی هەیە لە بارەی ئەوەی چی دەوێت، ڕووسیا ڕایگەیاندووە خوازیاری پاراستن و پێشێلنەکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی سووریایە و لەم چوارچێوەیەشدا ئامادەیە بچێتە نێو پرۆسەی گفتوگۆوە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لەو وڵاتەدا. ئەمە لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامادا ڕایگەیاند کە دەبێت سەرۆك ئەسەد لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە، بەڵام پێ ناچێت، ئێستا ئەمە ئامانجی ئەمریکا بێت، لەبەر ئەوەی دەستێوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە سووریادا واقیعی سەر ئەرزی گۆڕیوە. کەواتە پێدەچێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادە بێت جۆرێك لە چارەسەری سیاسی بێتەئاراوە کە بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە ئەسەد دەسەڵاتی بە سەر زۆربەی- ئەگەر نەڵێین تێکڕای- خاکی وڵاتەکەیدا هەبێت.

*** بەڵام پێت وانییە هەر چارەسەرێکی سیاسی دروست بێت، دەبێت کۆمەڵێك کێشەی بنەڕەتی لە بەرچاو بگرن، وەك کێشەی داعش و لە هەمان کاتدا ڕۆڵی کورد لەو وڵاتەدا؟**

- ئەمە ڕاستە، چۆن دەبێت ئەوە یەکلا بکەینەوە کە چ دەکەین لە بەرامبەر داعشدا و ئایا چارەنووسی هێزەکانی سووریای دیموکرات چی دەبێت؟ ئایا چی بکرێت لەبەرامبەر کورددا کە بەشێك بوون لە هێزەکانی سووریای دیموکرات. کەواتە دۆخەکە بە چەشنێك ئاڵۆزە کە زەحمەتە ڕۆماننووسێك بتوانێت خەیاڵی هەلومەرجێکی ئاڵۆزی لەم چەشنە بکات. هەروەها ئێمە نابینین ئەمریکا چارەسەرێکی دیپلۆماسی بەدەستەوە بێت کە هەموان پێی قایل بن. لەلایەکی دیکەوە من نازانم بوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئەمریکا لە سووریادا دەتوانێت چ ئامانجێك بەدی بهێنێت. کەواتە ئەمریکا دەسەڵات و کۆنترۆڵێکی زۆری نییە بەسەر ئەو دەرئەنجامەی لە دۆخی سووریاوە دەکەوێتەوە.

**دەبێت ئەمریکا هاوپەیمانەکانی وەک ئامرازێکی دەستڕۆیشتووی کاریگەر بەکار بهێنێت و ناکرێت هێزە سەربازییەکانی بڵاو بکاتەوە و بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی جیهان بەکاریان بهێنێت**

**ڕووسیا ڕایگەیاندووە خوازیاری پاراستن و پێشێلنەکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی سووریایە و لەم چوارچێوەیەشدا ئامادەیە بچێتە نێو پرۆسەی گفتوگۆوە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لەو وڵاتەدا**

**ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆبامادا ڕایگەیاند کە دەبێت سەرۆک ئەسەد لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە، بەڵام پێ ناچێت، ئێستا ئەمە ئامانجی ئەمریکا بێت، لەبەر ئەوەی دەستێوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە سووریادا واقیعی سەر ئەرزی گۆڕیوە**




**ئەلینا رۆشا**

مینۆکاڵ توێژەری بواری گەندەڵی بۆ گوڵان:

# گەندەڵی شەرعییەتی دەسەڵات لاواز دەکات و متمانە بە دامەزراوە گشتییەکان تێک دەشکێنێت





لە رۆژگاری ئێستا ئەو مەسەلەیەی ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت و ئاوڕی جددی لێ نەدرێتەوە، بریتییە لە پرسی گەندەڵی، کە دەبێت هەوڵ و شرۆڤەکاریی جددی و پێویست بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارە ریشەییەکانی گەندەڵی و رێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی. بەو ئومێدەی خستنەڕوو و دەستنیشانکردنی دەرئەنجامە خراپەکان و دەرهاویشتە زیانبەخشەکانی گەندەڵی لەسەر ئەدای ئابووریی وڵاتەکە و لەسەر پرسی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و متمانەکردن بە دامەزراوە گشتییەکان و تیشکخستنەسەر ئەزموونی وڵاتە جیاوازەکان، کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئاوڕدانەوە لەم کێشە مەترسیدارە و هەڵوەستەکردنی قووڵ بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی، بە ئامانجی ئەوەی بتواندرێت بۆ کەمترین ئاست کەم بکرێتەوە. هەموو ئەم پرسانە بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ ئەلینا رۆشا مینۆکاڵ کە توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی سەرکردایەتیی پەیوەست بە گەشەپێدانەوە لە زانکۆی بێرمینگهام، کە کار لەسەر دەستەبەرکردن، یان گەڵاڵەکردنی رێگاچارەی سیاسی دەکەن. ئەلینا تایبەتمەندی و شارەزایی هەیە لە بواری تەحەددییەکانی پەیوەست بە دیموکراتیکردن، پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و بنیادنانی دەوڵەت، هەروەها چەندین توێژینەوەی لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و چۆنێتی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە هەیە.

**دامەزراوەکان کاریگەریی جەوهەرییان هەیە لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی و لەسەر پەرەپێدانی توانای دەوڵەت و کۆمەڵگە. هەر لەم رووەوە ئامانجی ١٦ لە ئامانجەکانی هەزارە باس لە گرنگیی بنیادنانی دامەزراوەی کارا و بەرپرسیار و گشتگیر لەسەر سەرجەم ئاستەکان دەکات**

**نابێت ئێمە بە سادەیی لە کێشەی ئاڵۆزی گەندەڵی بڕوانین، بەڵکو دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ریشەکانی گەندەڵی و ڕێگاچارەکانی سنووردارکردنی، پەرە بە دید و تێڕوانینەکانمان بدەین**

**گەندەڵی لە کەشێکدا گەشە دەکات کە بەرپرسیارێتی تێیدا لاواز بێت و کەسانی بەرپرس دەسەڵاتێکی زۆریان هەبێت، بەڵام کاتێک گەندەڵی بە سیستماتیک دەکرێت، ئەوا لەم کاتەدا ریشەکێشکردن و چارەسەرکردنی دەبێتە کارێکی سەخت و دژوار**

*** وەك کەسێکی تایبەت لە بواری شرۆڤەکردنی دیاردەی گەندەڵی، چەندین توێژینەوەتان لەم رووەوە کردووە، هەروەك ئاشکرایە ئەمە پرسێکی جددی و مەترسیدارە و زۆر وڵات بە دەستیەوە گرفتارن، دەمانەوێت لەم رووەوە پرسیاری ئەوە بکەین کە ئێوە چۆن لە پرسی گەندەڵی دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت دابەشکاری بکەین بۆ جۆرە جیاوازەکانی گەندەڵی، بۆ نموونە: گەندەڵی لەسەر ئاستێکی بەرتەسك، گەندەڵیی کارگێڕی، یان بیرۆکراتی، گەندەڵی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو و...هتد، چونکە پێویستە ئێمە ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت، کە هەر یەکێك لەم جۆرە گەندەڵییانە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی جیاوازییان لێ دەکەوێتەوە، هەروەها دەبێت لەم رووەوە ئاماژە بە گرنگی و کاریگەریی بونیاد و پرۆسە جیاوازەکانی حوکمڕانی بکەین. لەم بارەیەوە ئەوەی مایەی نکۆڵی لێ نەکردنەوە و ئەوەی تا رادەیەکی زۆر یەکلا بۆتەوە، ئەوەیە کە دامەزراوەکان گرنگیی خۆیان هەیە، نەك تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی گەندەڵی، بەڵکو گرنگیشە بۆ هێنانەئارای گەشەکردن. چونکە ئێمە دەزانین کە ئەگەرچی ئامانجەکانی هەزارە گەشەکردنی بەدەستی هێناوە کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم وڵاتە جیاوازانە ئەوەیە کە هێنانەدیی ئەو ئامانجانە هەمیشە پەیوەست بوون بە سرووشت و جۆری بونیادی حوکمڕانییەکەیانەوە.

*** کەواتە ئەگەر بە دروستی لە وەڵامی پرسیارەکە تێگەیشتبین، ئەوەیە کە خاڵی دەستپێك بۆ دروستبوون و لە هەمان کاتدا بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی، بونیادی حوکمڕانی و بە دیاریکراوی جۆری دامەزراوەکانە لە دەوڵەتدا، ئایا ئەمە تێگەیشتنێکی دروستە لە وەڵامەکەی ئێوە؟**

- ئەگەر لە روانگەی وەڵامەکەی پێشووەوە حوکم بدەین، ئەوا بەڵێ، دەتوانین لەم رووەوە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دامەزراوەکان کاریگەریی جەوهەرییان هەیە لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی و لەسەر پەرەپێدانی توانای دەوڵەت و کۆمەڵگە. هەر لەم رووەوە ئامانجی ١٦ لە ئامانجەکانی هەزارە باس لە گرنگیی بنیادنانی دامەزراوەی کارا و بەرپرسیار و گشتگیر لەسەر سەرجەم ئاستەکان دەکات. کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسە سەرەکییەکەی ئەم پرسیارەی ئێوە، ئەوا بەڵێ، دەکرێت گەندەڵی وەك کێشەی بنەڕەتی دەستنیشان بکەین. لەم رووەوە زۆرێك لە ئامانجەکانی هەزارە باس لە پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی و شەفافییەت دەکەن، کە ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی کەمکردنەوەی گەندەڵی لەخۆ دەگرێت. ئێمە دەبێت ئەوە بڵێین کە مەرج نییە هاوڕابوون لەسەر ئەوەی گەندەڵی کێشەی سەرەکییە، بە مانای ئەوە بێت ئێمە رێگاچارەیەکی کارامان دۆزیوەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی.

*** بەڵام وا دیارە ئێوە پێتان وانییە گەندەڵی پرسێکی سادە بێت، بەڵکو کێشەیەکی ئاڵۆزە و دەبێت لە سەرجەم رەهەند و رواڵەتەکانەوە لێی بڕوانین، بۆ ئەوەی بگەینە تێگەیشتنێکی دروست لەبارەیەوە تاوەکو بتوانین لە کۆتاییدا رێگاچارەیەکی کارا و کاریگەر دابڕێژین، ئایا ئەمە وەسفکردنێکی وردە بۆ بۆچوونەکەی ئێوە؟**

- ئەمە راستە، چونکە نابێت ئێمە بە سادەیی لە کێشەی ئاڵۆزی گەندەڵی بڕوانین، بەڵکو دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ریشەکانی گەندەڵی و ڕێگاچارەکانی سنووردارکردنی، پەرە بە دید و تێڕوانینەکانمان بدەین. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە هۆکار و پاڵنەری جیاواز لە ئارادان و سەردەکێشن بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی لەسەر ئاستە جیاوازەکان، (لە سەر ئاستی محەلی تاوەکو ئاستی جیهانی)، لە نێو هۆکارەکانیشدا دەتوانین ئاماژە بە تاوانی رێکخراو و پشتبەیەکبەستنی ئابووری بکەین. دواتر ئەگەر ئێمە باس لە چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکەین، ئەوا رێگاچارەی کارا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەسەر ئاستی محەلی دێتەئاراوە، کە ئەمەش کاریگەر دەبێت بە جۆری ئەو دەسەڵاتەی کە لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانیدا لە ئارادایە.

*** کەواتە گەندەڵی کێشەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام با ئێمە پرسیاری ئەوە بکەین، بۆچی هەندێ جار گەندەڵی بە رەوتێکی خێرا و لەسەر ئاستێکی بەربڵاو تەشەنە دەکات و بگرە هەندێ**

**جار لە سەرجەم ئاستەکاندا بڵاو دەبێتەوە؟**

- ئەگەر زیاتر ئەم مەسەلەیە روون بکەینەوە، ئەوا دەبینین گەندەڵی تەنیا کێشەیەکی تەکنیکی نییە، بەڵکو کێشەیەکی ئاڵۆزە و ریشەکانی شۆڕبوونەتەوە و بە هۆکارە جیاوازەکانی پەیوەست بە بواری ئابووری، سیاسی، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا رۆچووە. کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەینەوە، ئەوا دەڵێم ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە بوترێت ئەوەیە کە گەندەڵی لە کەشێکدا گەشە دەکات کە بەرپرسیارێتی تێیدا لاواز بێت و کەسانی بەرپرس دەسەڵاتێکی زۆریان هەبێت، بەڵام کاتێك گەندەڵی بە سیستماتیك دەکرێت، ئەوا لەم کاتەدا ریشەکێشکردن و چارەسەرکردنی دەبێتە کارێکی سەخت و دژوار. خۆپیشاندانەکانی هەندێ وڵات ئاماژەن بەوەی گەندەڵی چەند زیانبەخش و مەترسیدارە، گەندەڵی بە رادەیەکی گەورە شەرعییەتی دەسەڵات لاواز دەکات و متمانەی دامەزراوە گشتییەکان تێك دەشکێنێت.

*** بەڵام هەندێ جار دەبینین لە وڵاتە جیاوازەکان کە گەندەڵی بە ئاستێکی بەربڵاو و مەترسیدار تێیاندا تەشەنەی کردووە، خەڵکی چیتر ئارامییان نامێنێت و ناچارن کاردانەوەیان هەبێت لە ئاستی گەندەڵی و دەرهاویشتە زیانبەخشەکانی، ئایا پێتان وایە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکان دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە کاردانەوە و پەرچەکردارەوە لە دژی گەندەڵی، ئەوا دەکرێت ئەم کاردانەوانە دەرئەنجامی دراماتیکییان لێ بکەوێتەوە، هەم دەرئەنجامی ئەرێنی و هەم دەرهاویشتەی پێچەوانە. بۆ نموونە: لە وڵاتانی بەرازیل و گواتیمالا رەنگە هاوکار بێت بۆ دووبارە پەیوەستکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگە و ببێتە هۆی ئەوەی حکومەت پتر بەرپرسیار و نوێنەرایەتیکار بێت. لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا، وەك وڵاتانی بەهاری عەرەبی، ئەوا نارەزایەتی و کاردانەوەکان دەرئەنجامی خوازراویان لێ نەکەوتەوە. رەنگە خراپترین دەرهاویشتەی گەندەڵی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی وەك تاڵیبان و داعش بوبێت، کە ئاماژەیە بەوەی ئەو دەرمانەی بەکارهاتووە کاریگەریی زۆر خراپتر بووە لە دەردەکە. لە هەمان کاتدا ناکرێت کاریگەریی خراپی گەندەڵی لەسەر دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی نادیدە بگرین. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر گرووپ و لایەنە پەراوێزخراوەکان لە رووی جێندەری و ئیتنی و چینایەتی و جوگرافی و.. هتد.

*** ئەگەر زیاتر پرسی کاریگەری و ئاکامە خراپەکانی گەندەڵی ورد بکەینەوە و بە دیاریکراوی باس لە دەرهاویشتەکانی بکەین لە سەر بواری ئابووریی وڵاتەکە، ئایا تا چەند بوونی گەندەڵی گەشەی ئابووری دەشێوێنێت**



**و رێگری و ئاستەنگی راستەقینە لەم بەردەم پەرەپێدانی ئابووریدا دروست دەکات؟**

- ئەگەر کاریگەریی گەندەڵی لەسەر باری ئابووری ورد بکەینەوە، ئەوا راستە کە دەتوانین ئاماژە بە لایەنە خراپەکان و دەرهاویشتە زیانبەخشەکانی بکەین، لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی و گەشەکردنی بزنێس و ئەدای ئابووریی وڵاتەکە. واتە بە شێوەیەکی گشتی کۆت و بەندی دروست کردووە لەسەر گەشەی ئابووریی وڵاتەکە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە سەرەڕای ئەوەی چەند وڵاتی دیاریکراو بە دەست ئاستی جیاوازی گەندەڵییەوە گرفتار بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا توانیویانە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بە گەشەی ئابووری بدەن. دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بە وڵاتانی بۆتسوانا و بەرازیل و چین و رواندا و مەکسیك و.. هتد بکەین، هەروەها هەندێ لەم وڵاتانە توانیوانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری هەنگاوی گەورە هەڵبگرن.

**رەنگە خراپترین دەرهاویشتەی گەندەڵی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی وەک تاڵیبان و داعش بوبێت، کە ئاماژەیە بەوەی ئەو دەرمانەی بەکارهاتووە کاریگەریی زۆر خراپتر بووە لە دەردەکە**

**سەرەڕای ئەوەی چەند وڵاتی دیاریکراو بە دەست ئاستی جیاوازی گەندەڵییەوە گرفتار بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا توانیویانە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بە گەشەی ئابووری بدەن**

# هۆکار و ئاسەواری پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان

**ئەنجامدانی تاوان بە دەستی شاراوە، مەترسیدارترە لە دەستی ئاشکرا و تۆقاندن و ترس و پاشەکشەی کاری ڕۆژنامەگەری لێ دەکەوێتەوە**

لە هەموو ڕاپۆرتە جیهانییەکانی سەنتەر و ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان مەسەلەی پێشێلکاری و جۆرەکانی پێشێلکاری و ئەژمارکردنی و بەردەوام ناساندنی فۆڕم و شێوازی نوێ بە باتێکی گرنگ وەرگیراوە، ئەمەش بەهۆی بەردەوامیی دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکان و زۆربوونی ڕێژەکەی، بەتایبەتی لە کاتی ڕووداو و ململانێکان و ژینگە نائارامەکان، ئەوەتا بە پێی داتایەکی یونسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ساڵی ٢٠١٨ لە سەرتاسەری جیهان ١٠١٠ ڕۆژنامەنووس کوژراون، کە ئەمە ژمارەیەکی مەترسیدارە، لەلایەکی دیکەیشەوە لەوە مەترسیدارتر نەدۆزینەوە و بە سزانەگەیشتنی ئەنجامدەرانی تاوانەکەیە کە بە پێی هەمان ڕاپۆرتی یونسکۆ ٩ کەس لە ١٠ بکوژی ئەو ڕێژە بەرزە نەدۆزراونەتەوە و لە سزا دەربازبوون، کە ئەمە نەك تەنیا مەترسییە بۆ سەر گیان و سەلامەتیی خودی ڕۆژنامەنووس، بەڵکو مەترسیی گەورەیە بۆ سەر ئازادیی ڕادەبڕین، چونکە ئەنجامدانی تاوان بە دەستی شاراوە، مەترسیدارترە لە دەستی ئاشکرا و تۆقاندن و ترس و پاشەکشەی کاری ڕۆژنامەگەری لێ دەکەوێتەوە. ئەوەی مەبەستمە لەم کورتە وتارەدا باسی بکەم ئەو هۆکارانەیە کە لە پشت بوونی پێشێلکارییەکانی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسانە لە هەرێمی کوردستان کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم.

١. یاساکان و جێبەجێنەکردنیان و کارکردن بە یاسای دیکەی نزیك لە یاساکانی ڕۆژنامەگەری و یاساکانی سزادانی عێراقی، بە نموونەی یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دادەنرێت، دەرچوواندن و بوونی یاسای ژمارە ٣٥ ڕۆژنامەگەریی ساڵی ٢٠٠٧ تا ڕاددەیەکی باش ئازادیی بۆ ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەگەری فەراهەم کردووە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار دادگاکان (بە مەبەست، یان بێ مەبەست) پەیڕەوی ناکەن، لەلایەکی دیکەوە یاسای دیکەی وەك خراپ بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی بە هۆی بڵاوکردنەوەی بابەت و نووسینەکانی ڕۆژنامەنووس لە سایت و پەیجەکان، بیانووی داوە بە دەست دادگاوە، کە لە یاسای ژمارە ٣٥ ـەوە بڕوات بۆ کارکردن بە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی.

٢. جیاکاری لە پێدانی زانیاری و جێبەجێنەکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری و واڵا نەبوونی سەرچاوەکانی زانیاری لە بەردەستی ڕۆژنامەنووسان بۆ دەستخستنی زانیاری و جیاکاری لە نێوان کەناڵەکان لە پێدانی زانیاری بە پەیامنێرەکانیان، کە ئەمە ڕۆژنامەنووس دەخاتە بەردەم دوو بەرداشی گوشاری دەزگاکەی بۆ بردنەوەی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکەی، لەلایەکی دیکەوە شەڕ لەگەڵ سەرچاوەی زانیارییەکە بۆ دەستخستنی زانیاری کە دواجار ڕۆژنامەنووسەکە دەبێتە قوربانی.

٣. ژینگەی میدیاییمان ژینگەیەکی سیاسیی حزبییە و زۆربەی کات ڕۆژنامەنووس دەبێتە



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئامانجی لایەنی بەرامبەر نەیاری پارتەکەی، یان کەناڵەکەی کە کاری بۆ دەکات، لە کاتێکدا لەم هەرێمەدا بارودۆخی رۆژنامەنووس لە ئاستێکی باشدا نییە و رۆژنامەنووسەکان زۆربەیان بە مووچەیەکی کەم، یان خۆبەخش، یان بۆ دەستکەوتنی بژێوی ژیان کاردەکەن و بەشێك نین لە ململانێکان، بەڵام دووبارە باج و قوربانیی ململانێی پارتەکەی، یان کەناڵەکەی، ئەو دەیدات.

٤. نەبوونی پێداویستییەکانی سەلامەتیی کارکردن لە جلوبەرگ و کڵاو و پێڵاوی تایبەت و کەلوپەلەکانی پاراستن لە گوللە و گازە بەکارهاتووەکانی ناو ژینگەی ململانێ و جەنگەکان.

٥. نائاگابوونی رۆژنامەنووس بە یاسا و شوێنەکانی وەك ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان، زۆرجار رۆژنامەنووسی کوردی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ رووماڵ دەچنە ئەو ناوچانەی شارەزاییان تێیدا نییە، بۆیە یان دەگیرێن، یان بریندار دەبن، یانیش دەکەونە ناوچە مەترسیدارەکان و شوێنە لوغمرێژکراوەکان.

٦. پرۆفیشناڵبوون لەوەی کە رۆژنامەنووس بەردەوام پێویستی بە خول و راهێنان هەیە، تا ئاگادار بێت بە تەکنیکی نوێ و یاسا تازە دەرچووەکان و ماف و ئەرکی خۆی لە کاتی رووماڵ و ژینگەی رووداوەکان بزانێت، کە ئەمەش تا رادەیەك لەم هەرێمە لە ئاست پێویستدا نییە و کەناڵ و دەزگاکان بە بەشێك لە ئەرکی خۆیانی نازانن بەرامبەر رۆژنامەنووسان.

٧. کەمیی هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك دەزگا ئەمنییەکان و رانەهێنان و نەناساندنی پۆلیس و ئەو هێزانەی کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ژینگەی رووداوەکانیان هەیە بە ماف و ئەرکەکانی خۆیان و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژنامەنووس لە ژینگەی رووداوەکان.

**ئاسەوارەکانی بەردەوامیی ئەم پێشێلکارییانە:**

١. مەترسی بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین و فەرامۆشکردنی یاسای ژمارە ٣٥ هەیە کە دەستکەوتێکی گرنگی هەرێمی کوردستانە.

٢. پاشەکشەی رۆژنامەنووس لە هەندێك کار و چالاکی.

٣. زۆربوونی کەیسی رۆژنامەنووسان لە دادگاکان و زیندانەکان و بەرزبوونەوەی رێژەی پێشێلکارییەکان لە راپۆرتی پێشێلکارییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان، کە ئەمە بە خاڵێکی لاواز دەکەوێتەوە بۆ هەرێمەکەمان و هەروەها ئیحراجبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی لێ دەکەوێتەوە لە بەردەم رۆژنامەنووسەکاندا.

٤. بواردان بۆ دەستی دەرەکی و بواردان بە ئەو کەسانەوە کە دەیانەوێت لە رێگەی میدیا و کێشەکانی رۆژنامەنووسەوە ئەم هەرێمە لەکەدار بکەن و پشێوی دروست بکەن .

ئەمانەو رەنگە هۆکار و ئاسەواری زۆرتر هەبێت کە من ئاماژەم پێ نەدابن.

**ژینگەی میدیاییمان ژینگەیەکی سیاسیی حزبییە و زۆربەی کات رۆژنامەنووس دەبێتە ئامانجی لایەنی بەرامبەر نەیاری پارتەکەی، یان کەناڵەکەی کە کاری بۆ دەکات**